# گۆڤاری هاو خەباتی ئینتەرناسیونالیستی

**دژ بە جەنگی جیهانی و کۆیلایەتی ئەمڕۆی سەرمایە**

**دژ بە دەست بەسەری و زاڵمی دیکتاتۆریەتی سەرمایە ، بە ناوی پەتا و تەندروستی یەوە...**

**بۆ خەباتی ئینتەرناسیونالیستی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی جیهانی**




**گروپی کۆمۆنیستی ئینتەرناسیونالیستی /گروپی پڕۆلیتاریای ئینتەرناسیونالیستی**

**مارچی 2021**

بابەتەکانی ئەم ژمارەیە:

* دژ بەم فەرمان ڕەواییە جیهانیە نوێیەی کە ئۆرستۆقراتیەتی دارایی ئەیەوێت بیسەپێنێت بەسەر مرڤەکاندا

* داهێنانی "پەتا"، ڕاگەیاندنی جەنگی جیهانی دیکتاتۆریەتی پارەیە دژ بە مرۆڤایەتی ..

* ئەمڕۆ سەرمایەداری لە جەنگی گەشانەوەدایە نەک لە ئەزمەدا

* پرۆلیتاریا ئینتەرناسیونالیستەکان: بەرپەرچدانەوەیەکی بەکردەوە

* دژی کۆیلایەتی و ڕەخنەی ناڕاست لەسەر سەرمایەداری بەگشتی

* کرێکاران و کارمەندانی جیهانیی تەندروستی و بابەتی ئەمڕۆی " کۆنترۆڵ کردنی پەتا"

* ڕوونکردنەوەیەک

* یاریەک بۆ هەمووان لەسەر دەست بەسەری و لغاوکردن

## هاوڕێیانی خەبات

ماددەکانی ئەم گۆڤارە بە کوردی، بەشێکن لە چالاکیەکانی پڕۆلیتاریای ئینتەرناسیونالیست بە زمانە جۆر بەجۆرەکان و لە ناوچە جیا جیاکاندا. ئەم گۆڤارە بەشیکە لەبەردەوامی خەباتی ئینتەرناسیونالیستی پڕۆلیتاریا و لە لایەن هاوڕێیانی ئەم خەباتەوە بەکوردی ئامادەکراوە و بەردەوامی پێ ئەدرێت. ئەمەش بە مەبەستی برەودان بە چالاکی و پتەوکردنی پەیوەندی و هاو خەباتی ئینتەرناسیونالیستی ...

هەروەک بە نووسراوەکانمانەوە دیارە ، و هەر وەک خەباتەکانی پڕۆلیتاریا لە هەموو شوێنێک، چالاکیەکانی ئێمەش تەنها دژ بە سەرکوتکردنی بێ ووچان و بەربەستە ڕاستەو خۆ و ناڕاستەوخۆکانی دەوڵەت نی یە بۆ سەر پڕۆلیتاریا و خەباتەکەی، بەڵکو هەروەها دژە بەو هەوڵ و کۆششانەش کە لەژێر ئاڵاو دروشمی "دژی سەرمایەداری" دا پاکانەی جۆر بەجۆر بۆ دەستدرێژیە جیهانیەکەی ئەمڕۆی سەرمایەداری ئەکەن. ئەو پاکانانەی ، کە بە هەڵبەز و دابەز و ڕێچکەی جۆر بە جۆردا، خۆی ئاکاتەوە بە باوەشی دەسەڵات و دەستدرێژیە جیهانیەکەی دا. ئەو هەوڵ وکۆششانەی کە پشت بە جووینەوەی بیردۆزە ئابووریە جۆر بەجۆرەکان ئەبەستن بۆ پاکانەکانیان، و بیردۆزی تایبەتی جۆراوجۆری سەردەمیش دا ئەهێنن بۆی. بەناوی "دژایەتی کردنی سەرمایەداری" یەوە پاکانە بۆ تاوانەکانی ئەمڕۆی سەرمایەداری خۆی ئەکەن. پاکانەی ئەوە ئەکەن کە ئەم دەستدرێژیە جیهانیەی ئەمڕۆی دەسەڵاتداران دژ بە هەموو مرۆڤایەتی، دژ بە ژیان، داهێنانێکی بە ئەنقەست و هۆشیارانەی دەسەڵات نی یە، بەڵکو تەنها پەلەقاژەی حەتمی سەرمایەدارەکانە لە ئەزمە ئابووری یە جیهانیەکەیاندا. ئەڵێن: سیستەمی سەرمایەداری لە گیانەڵادایە بۆ یە سەرمایەدارەکان پەلەقاژەیانە. ئەڵێن: ئەم گیانەڵایەیە کە پەتا و دەرد و ئەزمە ی هێناوەو فەرزی کردوە بەسەر سەرمایەدارەکاندا و ئەوانیش فەرزی ئەکەن بەسەر کرێکاران و چەوساوەکاندا و بەسەر یەکتریشدا!! ئەمە پەیوەندی بە دەسەڵات و پلان و خۆویستی دەسەڵاتدارانەوە نی یە! بەڵکو گیانەڵای مێژوویی حەتمی سەرمایەداری خۆیەتی. بەمەش دەسەڵات لە تاوانباریەتی و بەرپرسیاری ڕاستەوخۆ ئەپارێزن و پڕۆلیتاریاکان لە ڕێرەوی خەباتی دژ بە دەسەڵاتداران لا ئەدات. ڕق و دژایەتی پڕۆلیتاریا بەلاڕێدا ئەبات و خەباتەکەی تێک ئەدات و ئەیکات بە ماددەی سۆشیال دیمۆکرات و بە داردەستی دەوڵەت.. .

لاپەرە ئینتەرنێتیەکەمان، گۆڤارەکانمان بە زمانە جۆراو جۆرەکان، نووسین و نقاش و بڵاوکراوە کانمان.... هەمووی لە بەردەوامی خەباتەوە هاتووەو بۆ بەردەوامی خەباتیش لە ئارادایە ، دژ بە هەموو بەرەکانی دەسەڵات، بە شاڵاوەکانی سەرکوتکردن، بەهەموو بیردۆز و پاکانە ئابووری و دیمۆکراسیەکانیان،.... لێرەشەوە یە کە هەموو هاوڕێیەکی خەباتکار ئازادە لە بەکارهێنانی خەباتکارانەیاندا . لە نقاش و ووردکردنەوەو ڕەخنەو برەوپێدان و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەیاندا . لە بەکارهێنانی وەک ماددەی خۆڕێکخستن و خەبات لە بەربەرەکانێکاندا. لە تیژکردنەوەی ڕەخنە شۆڕشگێڕانەکانیاندا، هەروەها لە بەستنی پەیوەندی و ئاگادار کردنە وەمان لە بوون و چالاکیەکانیان... ئەمەش هەمووی لە پێناوی برەوی خەباتی ئینتەر ناسیونالیستی پڕۆلیتاریا و شۆڕشی کۆمەڵایەتی جیهانی و کۆمۆنیزم دا.

بۆ ئەو هاوڕێیانەشی کە جگە لە زمانی کوردی توانای خوێندنەوەیان بە زمانەکانی تر هەیە،  ئەتوانن سوود لە بڵاوکراوە کانمان بە زمانەکانی تر  ببیین و کارێکی چاکیشە کە هەڵسن بە نقاش و  وەرگێڕانی نووسراواکانمان  و بڵاوکردنەوەیان تا چەند بۆیان ئەکرێت..

ئەدرێسە ئینتەرنێتییەکەمان ئەدرێسی بە کۆمەڵی بڵاوکراوەکانمانە بە کوردی.  کۆپی بکەییت و بیدەییت لە ئینتەرنێت، بەو شێوەیەی کە بەلای خۆتانەوە جێگەی سەلامەتی و دڵنیایتانە ، ئەوا هەمووو بڵاوکراوە کوردیەکانتان ئەداتێ . ئەم بڵاوکراوانە بەبەردەوامی و بە گوێرەی توانا و بوار  لە زیادکردن و گۆڕانکایدان، بۆیە واچاکە کە  زوو زوو  سەردانی لاپەڕەکە بکرێت. ..



**Belarus 2020**
**[belarus_abc@riseup.net](mailto:belarus_abc@riseup.net)**



# دژ بەم  فەرمان ڕەواییە جیهانیە نوێیەی کە ئۆرستۆقراتیەتی دارایی ئەیەوێت بیسەپێنێت بەسەر مرۆڤەکاندا

ئەم نووسراوە بەڵگەنامەیەکی کورتەو بەو پێیەش نەچۆتەسەر هەموو ووردەکاریەکانی تێڕوانینەکانمان لەسەر ئەم پەلاماردانە نێونەتەوەییەی ئەمڕۆی سەرمایە، کە لەژێر ناوی "بڵاوبوونەوەی پەتا"دا پێی هەڵساوە . ئەم بەڵگەنامە کورتە، تەنها  بەشێکە لەو نقاش و ئاڵوگۆڕکردنە زۆر بەرفراوانتر و ووردەکار ترە  ئینتەرناسیونالیستەی کە هەیە  ،  بە زمانە جۆر بەجۆرەکان و لە شوێنە جیا جیاکاندا ، لە نێوان گروپەکاندا لە توێژینەوەیەکی جیهانی لەسەر ئەم "قۆناغە"ی دەست بەسەراگرتنی  تۆتاڵیتی زاڵمانەی بانقەکان و حکومەتەکان لە مێژووی سەرمایەداری جیهانیدا. هیواداریین کە بتوانیین ماددەکانی تری ئەم توێژینەوە  وردەکار و بەرفراوانە کۆمەکی یە ئینتەرناسیونالیستیە بە بەردەوام بڵاوبکەینەوە . پێشوازی  هەموو هاوبەشکردن و بەشداریکردنێکی ئێوەش ئەکەیین لەم نقاش و ئاڵوگۆڕ کردنەدا.

*  ئەوەی کە ماف ئەداتە سیاسەتی ئەمڕۆی سەرمایەداری جیهانی نە ڤایرۆسە و نە هیچ جۆرە پەتایەکیش، بەڵکو هەڵبەستنێک و داڕشتنێکی زەبەلاحی ئایدیۆلۆجیانەی دەسەڵاتە،  ئەمەش بۆ ئەوەی مافی سەپاندنی ئەو زۆرداریە تەندروستی و مالیی و سیاسی و ئابووری و سەربازییە... بەدەست بێنیت کە دایئەسەپێنیت لەجیهاندا . ئەو زۆرداریەی کە ئامانجەکەی لەناووبردنی ژیانی مرۆڤ و سەپاندنی کۆیلایەتیەکی گشتی نوێ یە ( فەرمان ڕەوایی نوێی جیهان)

* ئەمەش هەمووی کارێکی بە ئەنقەست و پلانێکی داڕێژراوی هۆشیارانەی ئۆرۆستۆقراتیەتی جیهانی بانقی یە، کە لەڕێی هەموو  بەشەکانی ژێر ڕکێفیەوە( بانقەکان، یانە و دەستە نهێنەکان ، حکومەتەکان، میدیاکان، سوپا، هێڵە کۆمەڵایەتیەکان ، دەزگا زانیاری و سیخوڕییەکان ، حیزب و ڕێکخراوەکان، پاڕلەمان ، قوتابخانە و زانکۆکان....)  دیکتاتۆریەتی مێژوویی پارە، دژ بە بوون و ڕەگەزی مرۆڤ ، ئەبات بەرەو ئەوپەڕی تەعبیر لەخۆکردنی.

* بەر پێگرتن و داپڵۆسینی، (گوایە کاتی)، هەموو چالاکیەکانی مرۆڤ ، بریتی یە لە بەهێزکردنی دەسەڵاتی مالیی  دژ بە مرۆڤ ، دەسەڵاتی پارە دژ بە ژیانی کۆمەڵایەتی، زاڵمی بانق دژ بە پێویستیەکانی ژیان،  دەستکەوت و قازانجی کۆمپانیاکان دژ بە پیویستیەکانی دانیشتوان، باج و سەرانەو سوو و لێسەندنی بانق دژ بە بەدەستهێنان و مامەڵەپێکردنی ئەو شتانەی کە زۆر پێویستن بۆ مانەوە و بەردەوامی ژیانمان

* بیانووی بوونی کارەساتی پەتا و ئەو  ئەزمە ئابووری و بەرهەم هێنانیەی کە لەگەڵ خۆی هێناویەتی، بۆ حەشاردان و سەپاندنی کردەوە هۆشیارانەو خۆویستەکەی ئەوانەیە کە  لە ڕێی ڕێو ڕەسم و کۆنتڕۆڵی جیهانی داراییەوە( دۆلار، یۆرۆ، ییەن،...) فەرمانڕەوایی جیهان ئەکەن( ئۆرۆستۆقراتیەتی بانقیی جیهانی)،  ئەوەیە کە خۆبەخۆیی و  بە هەڵپە ئەو شتانە کەم کەنەوە و نەیهێڵن کە پیویستە بۆ بەردەوامی ژیان،  دانیشتوان لەناوبەرن( جینۆسایدی بکەن)، لەدایک بوون کەم کەنەوە و لە بوونی تەندروستی و بەرگری سروشتی زیندوو بەن و تێکی بشکێنن.

* دەست بەسەری جیهانی و بڕینی چالاکیەکۆمەڵایەتیەکان، نە بەهۆی بوونی هیچ جۆرە پەتایەک،  و نە بەهۆی بوونی هیچ "ئەزمە"یەکی مەوزوعی سەرمایەداریەوەیە ، بەڵکو ئەوە ویستی بە ئەنقەستی ئەو پلۆتۆکراسیە یە کە بە نهێنی و لە  پشتی پەردەوە فەرمانڕەواییی جیهان ئەکات. ئەوەی کە بۆخۆی پێویستی بەوەیە کە ژیان و جالاکی مرۆییی نە هێڵێت، بوونە زیندووەکان و چالاکیە زیندووەکان  لەناو بەرێت، مرۆڤ و مەڕ و ماڵات ڕاماڵێت، هیزەکانی بەرهەم هێنان و بەرهەم هێنان تێک بشکێنێت.

* میکانیزمی ئەم پەلاماردانەی  دژ بە مرۆڤایەتی  چەندیین ڕووی پاکوتەمیزی، ئابووری ، پڕوپاکەندەییی، داپلۆسین ،سەربازی ... گرتۆتە خۆ، بەڵام تادێت زیاتر زاڵمانەو سەرکوتکەرانە و تێکدەرانەیە دژ بە بوونی مرۆڤ خۆی. هەموو هەنگاونانێکی نەوعی لە سەرکوتکردن بریتی یە لە وێرانکردنی ئەو شتانەی کەزۆرترین  بوونی مرۆییان لەخۆگرتووە  لە بوونە مرۆییەکاندا: بوونە کۆمەڵایەتی و کۆمەکیەکەیان، هەرەوەزی و ژیانی کۆمەڵایەیتیان، ووزەی بە کۆمەکیان، خۆشەویستیان بۆ یەکتری و بۆ ژیان، بەتەنگەوە هاتنی یەکتری، پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ سروشت دا...

* ئامانجی ئەم شاڵاوە سەرکوتکەرانە پاکوتەمیزی و دەست بەسەرییە بریتی یە لەوەی کە هەموو کەسەکان تەحویل کات و بکات بە دەست بەسەر،  سجن،بە ئیعتماد و ەرشۆڕ ،  لاکەوتە... بەو پێیەش ئەم بوونانە نەخۆشن و هەر ئەبیت دەرزیان لێ بدرێت و بێنە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی داو و دەرمانی پزیشکی و پیشەسازی کیمیاویی و دەرمانسازی  سەرمایەوە.

* دەست بەسەری، ئابلۆقەدان، لێکدابڕینی نامرۆییانەی گەورەو منالٚ ، گەنج و پیر، تەڕاییی تیا نەهێشتنی خۆشەویستی و خەساندنی  مرۆڤایەتی ، دروستکردنی بوونە کۆیلە و دەست بەسەر و  خەساو و بێ سیما جنسی و... نەخۆشەکان ، دەستدرێژی و تاوانی جیاکردنەوەی منالەکان لە یەکتری و دوورخستنەوەیان  لە هەموو بوونە مرۆییەکانی تر، لە قاڵبدانی جووڵەو هەڵسوکەتەکان بە پێی ئەو هێڵکاریانەی  کە بۆ ئاراستەدان و کۆنترۆڵکردن کێشراوە لە شوێنەکاندا... ئەمانە بەڕوونی ئەوەمان نیشان ئەدات کە ئەم پرۆژە "نۆرماڵیەتنە نوێیە" لەخۆی گرتووە و چ جۆرە بوونەوەرێکیان ئەوێت بیسەپێنن

* هەدەفی ئەم شاڵاوە داراییە زاڵمە ئەوەیە کە دانیشتوان و ئەوەی کە لەسەری ئەژیین، لە ڕێی سەپاندنی دەست بەسەریەوە، لەناو بەرێت.  بە ئەنقەست نەک هەر  مەبەستێتی کە ئەو " شت و مەك و خزمەتگوزاریانەی"  کە زۆر پیویستن بۆ بەردەوامی ژیان نەهێڵێت ، بەڵکو ژیان و چالاکیەکان، لەزەت و زەوق، پەیوەندی کردن و هاتوو چۆ، داهینان و دەست ڕەنگینی، بۆن و تام، سیمای مرۆییی و حەزەکان، زەوق و سەما و سەربەستی، باڵ ڕاکێشان ،  داهێنان و خۆ بە زینوو زانیین... هەمووی تێک بشکێنێت و نەهێڵێت.

* مەبەستی ئەم دەست بەسەریە سەرکوتکەرانەیە ئەوەیە کە سیما سەربازی و پۆلیسیەکانی دەوڵەتی جیهانی بەهێزبکات ، هەمووکەسەکان بکاتە کۆیلە و سەرشۆڕیان کات . بیان کات بەو جۆرە کەسانەی کە دەستیان ئەگیریت و یارمەتی ڕێکخراوە خێرخوازیە کانیان ئەوێت ، ئەو ڕێکخراوانەی کە لە لایەن  دەمەزراوە جیهانی و دەوڵەتە نیشتمانیەکانەوە، کە ئەوان خۆیان پیشەسازنە کیماویەکان بەڕیوە ئەبەن، سەرپەرشتی ئەکرێن. بیان کات بە مادەی موختەبەری و هاووڵاتی یەگوێڕایەڵەو کۆنترۆڵ کراوەکان، دەرگاکانیان لێ داخات و لەنزیکەوە

چاوی لەسەریان بێت و دیجیتەڵ و هەستیاری ئەلکترۆنی بکاتە سەرپەرشتیاریان... بەکورتی، **مەبەستەکەی گشتی کردنەوەی سەربازیانە و دیجیتەڵیانەی ژیانی مرۆڤە.**

* ئەم دەستدرێژی کردنە ،کە بە ناوی پەتاوە سەپێنراوە ، نەک هەر تەنها ئەیەویت و خەریکی ئەوەیە کە سەرتاپای دانیشتوان لە مرۆڤایەتی بخات، بەڵکو زۆر بە عەنیفی سیما کیمایووی و سەربازیەکانی هێزی سەرکوتکەر پەرەپێ ئەدات ودای ئەسەپێنێ. بەشی سەربازی و ئەمنی و پۆلیس ، هاو تێکەڵ لەگەڵ پیشەسازی کیمیاویی و بزنسی" تەندروستی/ نەخۆشی"، ئەمانە تەنها بەشێکن کە چالاکی و بوجەکانیان، سەرو سیمایان، داهاتیان، پێکهاتەکانیان، هەڵسوکەوت و داهێنانی سەرکوتکەرانەیان... پەرەی سەندووە

* ئەو تیرۆرەی کە لە ڕێی هەڵبەستنی شاخدارانەی بوون و بڵاوبوونەوەی پەتاوە دروستکراوە هێزی کیمیاوی خەست ئەکاتەوە لە خزمەتی سەرکوتکرندا، لە خزمەتی داو و دەرماندا، بۆ تەحویلکردنی مرۆڤ بو نەخۆش، بۆ بەڕاستی نەخۆش یان بۆی هەیە نەخۆشی بگرێت، بۆ بوونێک کە قابیلی ئەوەیە لەهەر سات و دەقەیەکدا تووشی دەرد بێت، بۆ بوونێک بۆ بوونێکی دەرد دار، بۆ بوونێک کە دەرزی لێدانی پێویستە... ئەمەش هەمووی بۆ ئەوەیە کە تەندروستی مرۆڤ تیک بشکێنن.
* بانکۆکراسیەکان( ئۆرستۆقراتیەتی بانقی) و هیزی دەوڵەت کە جیهان بەڕێوە ئەبەن لە ڕێی بڵاوبوونەوەی پەتاوە هەڵساون بە سەپاندنی سیستەمی کۆنترۆڵکردنی هەموو هەڵسووکەوتەکانی ژیانی مرۆڤ . ئەمەش هەر ئێستا خۆی نیشان ئەدا لە زیاد بوون و باڵراکێشانەی بە کولفەی بێ شوماری لایەنەکانی ئەم کۆنترۆڵ کردنەدا: کولفەی خودی ئابڵوقەو دەست بەسەریەکەخۆی، بوجەی بێ شوماری ئاسایش و پۆلیس و سوپای هەموو سیستەمەکە، بوجەی دام و دەزگا تایبەتەکانی دژ بە ڕاپەڕین ، بوجەی شیواندنی خەبات و قەدەغەکردن و تاوانباری کردنی خۆپیشاندانەکان، بوجەی گشتی سەرکوتکردن... زیاترە لە هەموو کاتێکی تری مێژوویی

* هەر وەکو چۆن چەوسێنەران و زۆرداران ئەیڵێن ئەمە جەنگە، بەڵام جەنگی هەمووان نی یە دژی پەتا. ئەوە درۆی دەسەڵاتە کە وامان پێ ئەڵێت ، بۆئەوەی گێژمان کات و بمان خەڵەتێنێت. ئەمە **جەنگێکی جیهانیە دژ بە مرۆڤایەتی**
*وەکو لە هەموو جەنگەکان هەر وایە کە تەنها یەک هەڵوێستی شۆڕشگێڕیانە لە ئارادایە: ئەویش هەڵوێستی خەباتی ڕووبەڕووبوونەی جەنگی سەرمایەداری و شۆڕشی کۆمەڵایەتیە لە هەموو شوێنەکان. وەکو لە هەموو جەنگەکانیشدا هەر وایە، کە ڕووبەڕووبوونەوە و دژایەتی کردنی جەنگ تەنها ئەتوانێت بکرێت لەسەر بنەمای کرداری ڕاستەو خۆ و " خستنی شۆڕشگێرانەیی"( دیفیتیزمی شۆڕشگێرانەیی): تەنها لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوە و دژایەتی کردنی ئەو جەنگە جیهانیەیی کە دەوڵەتی جیهانی بۆ بەرژەوەندی خۆی دروستی کردووە، ڕووبەڕووبوونەوەو دژایەتی کردن و تێکشکاندنی " بۆرجوازیەکەی لای خۆت"، دەوڵەتەکەی"لای خۆت" ، دامەزراوو و کۆمپانیاکانی "لای خۆت"... لە هەموو ناوچەو وڵاتەکاندا، ئەمەش لە پرۆسیسیگشتی بوونەوەو گشتی کردنەوەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی جیهانی دا.

* وەکو لە هەموو جەنگەکانیشدا هەر وایە، کە دژە شۆڕش،کە سۆشیال دیمۆکراتی، ... ئەگەر بشڵێ کە جەنگ و پەتا سەرمایەدارییین، تەنها هەڵ ئەسێت بە هەڵوێست و ڕاگەیاندنێکی ئاشتی خوازی و دیمۆکراسیانە و سەماکەری بەدەوری جەنگ و شاڵاوی پەتا دا ، بەبێ ئەوە و بە دژی ئەوەی کە ڕاستەو یی هەستێت بە کرداری

ڕاستەوخۆ دژ بەو بەسەربازکردنەی دانیشتوان کە بە بەر چاویانیەوە ڕوو ئەدات، ئەوەی کە ئەمڕۆ بریتی یە لەو ئابلۆقە و دەستبەسەریەی کە هەیەو ئەو ڕێورەسم و برسی کردن و سزادان و ... کە ڕۆژانە ئەیسەپێنن

*وەکو لە هەموو جەنگە سەرمایەداریەکاندا هەر وایە، کە هەمیشە جەنگە دژ بە مرۆڤایەتی، لەم گشتی کردنەوەی ئەم شاڵاوە دڕندانەییەی ئەمڕۆی دژ بە مرۆڤایەتیشدا، تەنها کرداری ڕاستەوخۆی پڕۆلیتاریای مرۆڤایەتی لەخۆگرتوو ئەتوانێت ئەم جەنگە وەرگێڕێت بۆ شۆڕش. لێرەوەیە کە دروشمە کۆنەکانی شۆڕشگێرەکانی بەر لە ئێمە دژ بە جەنگەکان زەق ئەبێتەوە و خۆی ئەدۆزێتەوە!

* هەر بەهەمان شێوەش ئێمە بانگەوازی کردار و خەبات و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ ئەکەیین دژ بە هەموو ئەو ڕێوڕەسم و پێوانانەی کە بە بیانووی تەندروستی یەوە سەپێنراوە و ئەسەپێنرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە نەک هەر هیچ کام لەو ئیجرائاتانەتەندروستی دانیشتوان باشتر ناکات، بەڵکو هەموویان بەشێکن لە جەنگی سەرمایەداری دژی ژیان و مرۆڤایەتی، دژی ئێمە.

* هەستان و خەباتی دژی دەست بەسەری و ئیجرائاتە بەتەنسیقکاریەکانیان: لەشوێنی خۆتان نە جولێن، لەیەکتری دوور کەونەوە، دەم و لووت هەڵبەستن، سەر شۆرو گوڕایەڵی دەوڵەت بن...

*** دژی بورجوایەت و دەولەت لەهەموو شونیک**

***دژی دەسەڵاتی بانق و حکومەتە جیهانیەکەیان**

*** بۆ وەرچەرخاندنی ئەم جەنگەی کە هەیە بەرەو شۆڕشی کۆمەڵایەتی**

*** بەرەو شۆڕشی کۆمەڵایەتی جیهانی**

**پڕۆلیتاریا ئینتەرناسیونالیستەکان**

INTERNATIONALIST PROLETARIANS (proletarian internationalists.com)

لەکاتێکدا کە ئۆرستۆقراتیەتی داراییە( مالیە) هەڵ ئەسێت بە دەرکردنی یاسا و بڕیارەکان، ،هەر ئەویشەکە لەسەر لووتکەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت دا نیشتووە، لە ڕێی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ئامارەکانیشەوە دەستی گرتووە بەسەر ڕای گشتیدا ، بەردەوامیشە لە هەڵپەی ساختەچێتی و گەوادی و فڕوفێڵەکانی دەوڵەمەندبوون لە هەموو مەیدانەکاندا، هەر لە دادگاوە تا دەگاتە چاخانەی قومار چیەکان، هەمووشی بە مەبەستی ئەوەی کە تا بێت دەوڵەمەند تر بێت، بەڵام نەک لە ڕێگەی بەرهەم هێنانەوە، بەڵکو لە ڕێگەی قۆستنەوەی ئەو سەروەت و سامانەی کە ئەوانی تر هەیانە. ئەم قۆستنەوەیە بەتایبەتی تەقیوەتەوە لە لووتکەی کۆمەڵگای بۆرجوازی دا و لە هەموو ساتەکانی دا لە یاساکانی بۆرجوازیەت خۆی ئەدات. هەڵپە و توینێتیەکی وا سەخیف و بێ تام لە ئارادایە بۆ دەوڵەمەند بوون لە ڕێی قۆستنەوەوە کە هەر لە قومارخانەکاندا جێگەی سروشتی خۆی ئەدۆزێتەوە، لە قومارخانەدا کە لەزەت و سووکایەتی، زێڕ و گەوهەر و خوێن، پێکەوە شەپۆڵ ئەدەن...
...لە بەرامبەر ئەم شاڵاوەدا، ئەو بەشانەی بۆرجوازیەتی فەڕەنسی کە لە فەرمانڕەوایەتی بێ بەش کرابوون کەوتنە هاواری ئەوەی کە: ئەمە گەندەڵی وفەسادی یە! خەڵکیش هاواریان ئەکرد : بڕوخێت دزو جەردە زەبەلاحەکان، بڕوخێت بکوژەکان ... بۆرجوازیەتی پیشەسازیش ئەوەبینی کە بەررژەوەندیەکانی کەوتۆتە خەتەرەوە، ئەخلاقی ووردەبۆرجازیش تا بینەقاقای پڕ بووبوو لە کینە، سۆزی خەڵکیش بریندار بوو بوو، پاریس پڕ بوو بوو لە بڵاوکراوەکانی لە چەشنی : ئەمە " فەرمان ڕەوایی خانەوادەی شازادەی ڕۆسچیڵد"ە ، ئەمە فەرمانڕەواییی" پاشا صەرافە چاوچنۆکەکانی سەردەم"ە... ، لەم بڵاوکراوانەدا ڕۆڵی سەخیفی ئۆرۆستۆقراتیەتی پارەدار بە زۆر و بەکەم ڕسوا و دەستنیشان کرابوو..

مارکس ، خەباتی چینایەتی لە فەڕەنسادا، 1848-1850

# داهێنانی"پەتا"، ڕاگەیاندنی جەنگی جیهانی دیکتاتۆریەتی پارەیە دژ بە مرۆڤایەتی

بابەتی "پەتا" ڕاگەیاندنی جەنگێکی بنەڕەتی و جیهانی یە لەلایەن چینی سەرمایەدارەوە دژ بە مرۆڤایەتی... جەنگی دیکتاتۆریەتی پارەیە بەسەر ژیانی ماددی و دەرونی دا . هەروەها ڕاگەیاندنی جەنگێکی چینایەتی یە لەلایەن بۆرجوازیەتی جیهانەوە دژ بەبزووتنەوەی مێژوویی پڕۆلیتاریا... دیسانەوە فەرمانی جەنگێکی تێکو پێکدەرانەی جیهانی سەرمایە، بەهایە ، دژ بەو چوارچێوە، و شێواز، و پڕۆسیسی بەرهەم هێنان، و ئاڵ و گۆڕ، و پێکهاتانەی خۆی کە سوودی پڕ بە پیستی خۆی بەرهەم ناهێنێت ، کە بەردەوام تێچوون و بەتەنگەوەهاتنی زیاتر ئەخوازێت و پاشەڕۆکیان زۆرە، کە پڕۆسیسی بەرهەم هێنانەوەی بەهاکەیان دوور و درێژ و بەرتەسک و بێ ئاسۆیە..

بەم پێ یە ئەم جەنگە دوو سەرەنێزەی یە : سەرێکیان جەنگە دژ بە بوونی جیهانی مرۆڤایەتی، دژ بە بوون و بەرهەم هێنانەوەی بوونی مرۆڤ خۆی، بوونە زیندووەکان، وەسیلە زیندووەکانی ژیان، پڕۆلیتاریا...
سەرەکەتریان جەنگی سەرمایە خۆیەتی دژ بە پڕۆسیسی ماددییانە و هەلسوکەوتەکانی خۆی... بەڵام ئەم دوو سەرەنێزەییە ئەدەن لەیەک، مەرکەزی ئەبنەوە لە بوون و باری ژیانی پڕۆلیتاریادا.. پڕۆلیتاریا بەهەردوو سەرەنێزەکە لێی دەدرێت و ئەکەوێتە ناوەندی هەردوکیانەوە. هەردوو سەرەنێزەکە بە ژیانی زیندووی ئەودا تێ ئەپەڕێت و تێکی ئەشکێنێت. لێرەشەوەیە کەئەم جەنگە بە شێوەیەکی مەرکەزی جەنگە دژ بە ژیان، بە بوونی مرۆیی، بە پڕۆلیاتاریا... وە بەشێوەیەکی مەرکەزی جەنگی هۆشیارانەو چینایەتی بۆرجوازیەتە دژ بە زەمینەو هیزی خەباتی چینایەتی و جیهانی پڕۆلیتاریا ... بە شیوەیەکی مەرکەزی جەنگی زیادکردنی کۆیلایەتی و ڕێژەی جیهانی چەوساندنەوەو خۆ تازەکردنەوەی سەرمایەیە بە خێرایی و کەم کولفەیی و بەدەست هێنانی دەستکەوت و قازانجی بەرزی پووختەوە ... جەنگی مەرکەزی پارەیە، نەک هەر دژ بەو لایەن و سات و بوارانەی ژیان کە تا ئێستا هەمووی داگیر نەکربوو، بەڵکو بەوەش کە داگیری کردبوو ( بۆ نموونە پارەی دەستا و دەست، پارەی خەوتوو لە ماڵدا، تواناکانی هەڵ گرتن بۆ ڕۆژی ڕەش...)، بۆ کردن بە مەرکەزیەتی خۆی بە شیوەیەکی زاڵ و یەک سەرچاوە و بێ وەستان و بێ توانای کۆنتڕۆڵ کردنی لە لایەن کڕیار و فرۆشیارەوە لەسەر ئاستی هەموو ژیان و هەموو جیهان. کڕین و فرۆشتن بە پارە لە ڕێی گیرفانەوە چی تر ناخوات، بەڵکو لەڕێی ناوەندی موبایل و کارت و بانقەوە.. و بەس. بانق پارەی چا خواردنەوە کە وەر ئەگرێت نەک چای چی کە.. بانق لە پێش چایچیەکە وە کۆنتڕۆلی بەسەر حیساب و کتابی چا کڕین و فرۆشتنەکەدا هەیە. ئەزانێت کە چا خۆرەوەکە چەن جار چای خواردۆتەوە( شتەکانی تریشی)، چایی چیەکە چەنی فرۆشتووە، مەسرەفی چەنە، قازاجی چەنە، لەوێشەوە ئەو بەشی خۆیی لێ لا ئەبات و هەموو بارەکەی مامەڵەی چایچیەکەش ڕەوانەی ئەو شوێنانە دەکات کە پێوەی بەستراوەتەوە... چاچیەکە و چا خۆرەوەکەش، فرۆشیار و کڕیار ، تەنها لەڕێی بانقەوە ئەتوانن بە یەک بگەن،

بازاڕیش کراوه بێت( چاش هەبێت و چا خۆریش هەبێت) بەبێ بوونی بانق لە نێوانیاندا بە یەک ناگەن. ئەمەیە دیکتاتۆریەتی پارە. ئەمەیە تێکشکاندنی هەرچی بوونی سەربەست و کەسی کڕین و فرۆشتن هەیە کە تائێستا سەرمایە بواری داوە و ئێستا ئیتر بێ سوودە، ئەمەیە بە دیجیتەڵ بوونی ئابووری، ژیانی ماددی... ئەمەیە کە فەرمانی جیهانی پارەدارەکانەو جێبەجیکردنیشی هەموو جیهانی گرتۆتەوە..

## 1-دیکتاتۆریەتی سەرمایە ئەمڕۆ مرۆڤایەتی زیندە بەچاڵ ئەکات!

دیکتاتۆریەتی سەرمایە، لەژێر ئاڵای شەڕی "بڵاوبوونەوە و کۆنترۆڵ کردنی پەتا"دا ، ئەمڕۆ مرۆڤایەتی زیندە بەچاڵ ئەکات! چەوساوەکانی سەر گۆی زەوی بەرەو کۆیلایەتیەکی جیهانی "نوێ" ئەبات. لەم کۆیلایەتیە "تەڕ و تازەیە"دا دیکتاتۆریەتی سەرمایە نەک هەر شوڵی جیهانی لێ هەڵکێشاوەو تا بتوانێت لەدەست درێژی کردندایە، بەڵکو بەرجەستەی هەموو سیماو فەرمانڕەوایی و ئیجرائاتە کۆیلایەتیەکانی "پێشو"ش ئەکات. فەرمان ڕەوایی ئەمڕۆی سەرمایە سەرتاپای کۆیلایەتیەکانی "ڕابردو"ی لەخۆگرتووە و سەرانسەری ئەکاتەوە . بەمەش وەک هێزێکی چەوسینەری مێژوویی زیندەبەچاڵ کردنی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی ڕا ئەگەیەنێت، و تەکان بە ململانێی نیوان سەرمایە و ژیان، بەها و مرۆڤایەتی، چەوسێنەرو چەوساوە، خاوەندار و نەدار... بەزاڵیەتی خۆیی و بە بەرژەوەندی خۆی و بەتێکشکاندنی هێز و توانای مرۆڤ و بوارە ماددی و دەرونیەکانی خەبات کردنی ئەدات.

لەم فەرمانڕەواییە"نوێ" یەدا: بەکۆیلەکردن، برسی کردن، هەڵ کەندن، زیندانی کردن، دەست بەسەری و ناسنامەی ئەلکترۆنی، زەلیل کردن، بە دیل گرتن، کووتان، وون بوون، دابڕان، دارکاری کردن، چەوساندنەوە ، زۆرداری، زیندەبەچاڵ کردن و لەناوبردن هەمووی لە ئارادایە. هەموویان کۆبوونەتەوە و یەکیان گرتووە لەم فەرمانڕەواییەدا. ئەم دیکتاتۆریەتەی سەرمایە لەسەر تاپای جیهاندا خۆی ئەسەپینێت، ژیان و چەوساوەکان بە بارمتە ئەگرێت و ئەیانکاتە کۆیلەی خۆی ...

نموونەکانی ڕابردووی دەست درێژی و زاڵمیەکانی کۆیلایەتی: لەناوبردنی بەکۆمەڵ، دەست بەسەری بەکۆمەڵ، دابڕین و جیاکردنەوە، ڕەگەز پەرستی، کۆیلایەتی ڕاستەوخۆ و فەرمانی سەربازی... هەمووی ئەمڕۆ بەگەشاوەیی لەم فەرمانە ڕەواییە جیهانەییەی سەرمایەدا فەرمان ڕەوایی ئەکەن.

لەم فەرمان رەوایشەدا، هەموو دابەش بوونە کۆمەڵایەتی و دینی و ڕەگەز پەرستی و دابەش بوونەکانی کار تەرتیبکراونەتەوە لە دابەش بوونێکی شموولی کۆمەڵایەتی "نوێ"دا ، کە هەموو ئەوانەی پێش خۆی لە خۆ گرتووە: دابەش بوونی ژیان و بوونەکانی گۆی زەوی بەسەر ساغ و ناساغ دا! لەم دابەش بوونە کۆمەڵایەتیە گشتی یەی دانیشتوانی گۆی زەوی دا سەرمایە دانامیکێکی زیندووی داوە بەخۆی و خۆی کردۆتە جەمەسەری ساغ، تەندروستی، پاک، زیندوو.. وە بە زۆر و بە خوایشت خۆی ئەسەپێنێت بەسەر جەمەسەری ناساغ دا( هەموو بوونەکانی نامۆ پێی). بوونەکان و ژیان و بوارەکانی نیمچە سەربەخۆ لەسەرمایە بۆ ژێر ئەو

داینامیکە زیندوەی خۆی ڕاکێش دەکات و ئایان هاڕێت، وەک ئاش، هەم بۆ کوشتنی نیمچە سەربەخۆییان و هەم بۆ کردنیان بەماددەی ووزەدان بەخۆی.

ساغ و ناساغ، پاک و پیس، بێ ڤایرۆس و ڤایرۆساوی، کوتراو و نەکوتراو... بوونەتە پێوانەیەکی دیکتاتۆریانەی سەرمایە بۆ هەڵسەنگاندنی مرۆڤەکان و بواردان بە بوونی کۆمەلایەتیان. ئەم پێوانە فەرزکراوە چۆتە پاڵ و سەر و هەموو پێوانە چەوسێنەر و ڕێکخەرە کۆمەڵایەتیەکانی تری ڕابردوو: پاک و پیس، بە دەست نوێژ و بێ دەستنوێژ، نوورانی و لاکەوتە، شێخ و مسکێن، بە شایستە و بێ شایستە، هەبوو نەبوو، خواپێ داو نەگبەت، بە چانس و بێ چانس،خوایی و شەیتانی... بەم فەرمانە تازەیەی تەندروستی، نەخۆش و بە داوو دەرمان ساع و بی داوو دەرمان ، سەرمایە جۆی کردۆ تەسەنتەری درێژکراوەی جەمسەری پاک، بەدەست نوێژ، نوورانی، شێخ، شایستە، هەبوو، خواپێ داو، بەچانس و خودایی .. وە ژیان و مرۆڤایەتیش، ئەوەی خۆی بەدەست سەرمایەوە نادات، یان ئەوەی کە سەرمایە نایەوێت و ئەیەێت لەناوی بەرێت.. ئەوانە ئەکات بە جەمسەری پیس و شەیتاناوی و هەڵ ئەکوتێتە سەریان..

ئەوە ڕاستیەکی مەوزوعی و مێژوویە کە ئەم تەکان دان و شموولی کردنەوەی سەرمایە لەسەر تێکشکاندنی مرۆڤایەتی خۆی لە خۆی دا تیژکردنەوەی ناکۆکیەکانی نێوان سەرمایە و ژیان، نێوان بۆرجوازیەت و پڕۆلیتاریا، نێوان بەهاو کۆمۆنیزمە. سەرمایە بەم هەڵپەیەی و بە هەڵ لووشینی ژیان و درێژکردنەوەی زیاتر کۆیلایەتی خۆی تا دێت زیاتر لەسەر تیژ بوونەوەی ناکۆکیەکان ڕائەگرێت و پێی ئەژی. یان وەک ئەوترێت " ناکۆکیەکان لەخۆی دا هەڵ ئەگرێت و ئەیباتە پێشەوە" ..ئەمەش بوارە ناچاری و کارەساتی و "بە حەتمییەکانی"بابەتیانەی سەرمایە زیاتر ئەکات. بەڵام هەموو ئەمانەتەنها خۆ دووپاتکردنەوەی سەرمایەیە و ڕێچکەی سەرمایەداریە بە بەرژەوەندی زاڵی سەرمایە خۆی. نەک هەر لەزاڵیەتی سەرمایە بەسەر ژیاندا کەم ناکاتەوە، بەڵکو برەوشی پێ ئەدات، نەک هەر لە دەسەڵاتی سەرمایە دژ بە مرۆڤایەتی کەم ناکاتەوە. بەڵکو برەوشی پێ ئەدات. وە بە پێچەوانەشەوە، تێکشکاندنی زیاتر و زیاتری پڕۆلیتاریا، ژیان، مرۆڤایەتی لەگەڵ خۆیدا ئەسەپێنێت. کاتێک سۆشیاڵ دیمۆکراتەکان و بابەتی چی یەکان لەسەر ئەم بنەما مەوزوعی و مێژوویەوە ڕاستە دێن و بیردۆز و پڕۆگرامەکانیان دا ئەڕێژن، باسی حەتمیەتی شۆڕش و کەوتنی سەرمایەداری ئەکەن.. هەرگیز باس لە خۆتازەکردنەوەی زاڵێتی سەرمایە ناکەن لەو پڕۆسیسیە بابەتیەدا. باسی تێکشکاندنی هێزی ژیان و شۆڕش ناکەن. بەڵکو زۆر بە دیمۆکراتی خواز و ئایدیالیست و بە بەژەوەندی ئەو زاڵیەتیەی سەرمایە بە یەکسان باسی هەردوو جەمسەری ئەم بابەتی یەی سەرمایە: زاڵی سەرمایە و حەتمییەتی شۆڕش!، شان بەشانی یەک ئەکەن، وەک ئەوەی هەردوکیان پیکەوە لەبەرژەوەندییەکی هاوبەشدا بن، نەک لە دژایەتی و خەباتی خستنی یەکتری دا، ئەوەی سەرمایە ئەیکات بەرژەوەندی شۆڕشیشی تیابێت، ئەو کاتەی کە خۆی ئەسەپێنێت لەهەمان کاتدا خزمەتیش بە حەتمی هاتنی شۆڕش بگەیەنێت! لەوەش خراپتر، پڕوپاگەندە بۆ دەستپێشخەری بارودۆخی شۆڕش ئەکەن بەپێچەوانەی واقیعەوە، لە کاتێکدا کە سەرمایە زاڵەو پڕۆلیتاریا تێک شکاوە و برسی و پەرتەوازەکراوە... ئەوان ئەڵێن سەرمایە لاوازەو پڕۆلیتاریا بەهێزە، سەرمایە لە ئەزمەی لە ناوچووندایەو

پرۆلیتاریا تەنیا هۆشمەندی و بەڕێوەبردنی خۆییی ئەوێت بۆ ئەوەی ئەم ئەزمەیە درێژکاتەوە بۆ شۆڕش. ئەکەونە وەرگێڕانی ئەو بوونە ناکۆکە مەوزوعی و مێژووییەی سەرمایە بۆ بیردۆز و پڕوپاگەندەکردن بۆ ئەزمەو شۆڕش، بەبێ باسکردن لە زاڵیەتی بەکردەوەی دەسەڵاتی سەرمایە و تێکشکاندنی مرۆڤایەتی، پرۆلیتاریا، هێزی بابەتی و زاتی شۆڕش... لێرەوەیە کە ئیشی جەوهەری سۆشیال دیمۆکراتەکان هەڵ خەڵەتاندن و چەواشەکردنی پرۆلیتاریایە، تێکشکاندنی بەکردەوەی خەباتی پرۆلیتاریاو هەستان و خۆڕێخستن و تەرکیزکردن و بیرکردنەوە شۆڕشگێڕیەکانیەتی.. بەمەش خزمەت بەبەردەوامی زاڵی دیکتاتۆریەتی سەرمایە ئەکات لەژێر ئاڵای حەتمییەتی ئەزمەو تەقینەوەی سەرمایە و بەرپابوونی شۆڕش دا!

لەم سەردەمەی ئەمڕۆداو کاتێک کە پرۆلیتاریایی لە خەباتدا، لەسەر جادە، بەدەنگی بەرز، بە پێداگرتن و سەنگەرگرتن، بە هۆشەمەندی شۆڕشگێرانەوە هاوا ئەکات: ئێوە دزن، هەمووتان واتە هەمووتان، حوسنی موبارەک، مۆرسی، ماکرۆن، بن عەلی، عەلاوی.... ئێوە بونەتە فیرعەون، پاشا، جەلاد، خوێن مژ و لەخزمەتی خۆتاندا ئێمە برسی ئەکەن... ئەمانە هیچی باسی ئەوە ناکات کە سەرمایە لە ئەزمەدایە، یان سەرمایە پێش نەکەوتووە، کامڵ نەبووە، یان پارە نی یە، سەرمایەی نیشتمانی کەم دەرامەتە...، باسی ئەوەناکات کە پێی ئەوترێت"لایەنی مەوزوعی"! باسی ئەوە ئەکەن کە هەمووشتێک هەیە،زۆرە بەس دەستی بەسەردا گیراوە، ئەوان ئەیبەن بۆ خۆیان! ئەی دزن لێمان. ژیانمان ئەفرۆشن بۆ خۆیان... باسی دەسەڵاتی چینایەتی و فەرمانڕەوایی چەوشێنەران بەسەر چەوساوەکاندا ئەکەن. ئەمە بە سەرچاوەی چەوساندنەوەو برسێتی و نەبوونی خۆیان و بە دەوڵەمەندی خاوەنداران ئەزانن. باسی پێشکەوتووی و دواکەوتوویی ئابووری ناکەن، باسی نەبوونی بەروو بووم و توانای ژیان بەگشتی ناکەن، باسی کاریسە ناکەن، باسی ئەزمە ناکەن... بەڵکو باسی بوونێکی زۆر ئەکەن لە گیرفان و ماڵ و موڵکی خاوەندارەکاندا. باسی ئەوە ئەکەن کە بەزۆر و بە جەنگ و بە فێڵ و بە پلان لەدەم و لە ژیانی ئەمان ئەگیرێتەوە بۆ گیرفانی ئەوان، بۆ بانقەکانیان، بۆ هێزەتایبەتیەکانیان، بۆ یاری و قومار بازی و ڕاوو خەزێنە پێکەوەنان و ژیانە ئۆرۆستۆقراتیەکەیان .. ئەوان دژی ئەم چەوساندنەوە و زۆرداریە هاتوونەتە خەبات و ئاگریان گرتووەو ئاگریش لە و ژیانە ئۆرۆستۆقراتیە بەردەدەن کە ژیانی ئەوانی ژاراوی کردووەو کردویەتی بە جەهەنەم. بەدژی ئەم خەباتە ڕاستەوخۆ "زاتی بەرامبەر زاتی" یەی نێوان چەوساوەو چەوسێنەران، نەبوو خاوەنداران، کۆیلەو فەرمان ڕەوا...سۆشیاڵ دیمۆکراتەکان دێن و دەڵێن ئەمە ڕەد فیعل و هەڵچوونە بەرامبەر بەوەی کە ئابووری عاسی بووە، سەرمایە لە ئەزمەدایە، مەوزوعیەن گیری خواردووە. بەمەش هەم دژایەتی ئەو خەباتەی پرۆلیتاریا ئەکەن وە هەم پەردەپۆشی ئەو ژیانە ئۆرۆستۆقراتیەی خاوەنداران ئەکەن...

کە پرۆلیتاریا ئینتەرناسیونالیستیەکانی لە خەباتدا ئەم دەست پێشخەریەی خەباتی چینایەتیان لەهەڵسوڕان و نووسراو بڵاوکراوە و نقاشەکاندا زەق کردۆتەوەو برەویان پێداوە و هاوخەباتی جیهانیان لەگەڵ ئەو دەسپێشخەریانەدا ڕاگەیاندووە، سۆشیال دیمۆکراتەکان لەهەموو لایەکەوە کەوتوونەتەخۆ بۆ دژایەتی کردنمان. گەڕاونەتەوە سەر ئایدیۆلۆجیای دابەش بوونی بابەتی و زاتی، ئابووری و سیاسی، ئەزمە و ئینتعاش ، کاریسە و

شۆڕش... بۆ داشاردنی دەسەڵاتی بەکردەوەی سەرمایەدرای و لێدان لەو دەست پێشخەریانەی کە پڕۆلیتاریای لە خەباتدا، هێزی پارتە مێژووییەکەمان، بە فعلی و بە بیردۆزی کردوویەتی دژ بە بوون و دەسەڵاتی چینایەتی.
ئەم سۆشیال دیمۆکراتانە چیرۆکە ئابووری و ئایدیۆلۆجێکانیان بە ئامارو ووتەکانی مارکس و ئینجلس ...
ئەڕازێننەوە و پڕوپاگەندە بۆ بوونی ئەزمەو حەتمییەتی شۆڕش و پێویستی "خەباتی" چاوەڕوانی و بێ کردەوەیی (نەک دژایەتی و بەکردەوەیی) ئەکەن تا ئەزمەکە قوڵ و کامڵ ئەبێت! چاوەڕوانی و لەخۆدان تا موحەمەدی مەهدی دەر ئەکەوێت! بەمە ئاوی ئاشتی خوازی و سۆشیال دیمۆکراتی ئەکەن بەسەر پڕۆلیتاریادا و دەسیش ئەدەنە بالی دەسەڵات بۆ پتەو بوونی.

## 2- داهێنانی " پەتا" پڕۆژەیەکی چینایەتی بۆرجوازیەتە

داهێنانی "بوونی پەتا" و سەپاندنە جیهانەکەی تێکشکاندنی مرۆڤایەتی یە. لە پەلو پۆخستنی بەرهەم هێنانی ماددی و هاتووچۆی مرۆیی، دەست بەسەری و تەسلیم بوون ئجرائاتەکانی کۆنترۆڵ، بە پیلانی دەرمانخواردکردنی ژیان، بە دەوڵەت... پڕۆژەیەکی چینایەتی بۆرجوازیەتە، نەک بە تەنگەوە هاتنی "تەندروستی" مرۆیی. پڕۆسیسێکە بۆ ڕێکخستنەوەی ژیان، و بەرهەم هێنانی ماددی و پەیوەندیە چینایەتیەکان لەسەر ئاستی جیهانی. ئەگەر چی تەندروستی مرۆڤ کراوەتە تاکە مەبەستی ئەم پڕۆژە چینایەتیە و لەهەموو شوێنێ وا نیشان ئەدرێت کە مەسەلەکە مەترسی ڤایرۆس و پارێزگاری کردنی بوونی مرۆڤە و هیچی تر، وە دەوڵەت هەموو تواناکانی تەرخان کردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە، ئەمە لەبەر ئەوەیە کە بابەتی تەندروستی پێشتر کراوە بەبابەتی ژیان و مردن. بە پەیوەندی و هاوسەنگی نێوان بوون و تیا چوون. بە بوارێکی مرۆیی کەمکردنەوەی ئازار و چارەسەرکردنی سەقەتی و ڕێکخستنەوەی ژیانی کەسەکان. ئەمەش پیرۆز و گوێڕایەڵی و خێرخوازی و پسپۆڕی داوە لەیەک لە بواری دەسەڵاتی پزیشکی دا. ئەم دەسەڵاتەش بوارێکی فراوانی گرتۆتەوە بۆ دەست تێوەردان و مامەڵەکردنی پزییشکی و بازرگانی بە ژیانەوە. ئەم دەسەڵاتە پزیشکیەش خۆی لە خۆی دا هیچ نی یە جگە لەبەشێک لە فەرمانڕەوایی گشتی سەرمایەو چەوساندنەوەی بۆ مرۆڤایەتی.جگە لە کۆیلایەتی ژیان بۆ سەرمایە، یان زاڵی سەرمایە بەسەر ژیاندا. دەسەڵاتی پزیشکی و تەندروستی لەناو مامەڵەکردن سەرمایەدایە بە ژیانی چەوساوەکانەوە، بە خودی چەوساوەکانەوە ، بە هیزی کاریانەوە، بە پێویستیەکانی خواردن و خەوتن و هاتوو چۆ و نیشتەجی بوون و هەناسەدانیانەوە، بە باری ژیان و مردنیانەوە، بەوەی کە چۆن ئەمرن و لەکوێ ئەنێژرێن.... خۆی لەخۆی دا هیچ سەربەخۆییەکی نی یە لەدەسەڵاتی سەرمایە و بەشێکە لەو و لە خزمەتی سەرتاپایی ئەودایە، نەک مرۆڤایەتی. کە ئەمڕۆ وا زل کراوە ئەمە لەبەر ئەوەیە کە دەسەڵاتی سەرمایە هەم چڕبۆتەوە لە بواری پزیشکی و بەڕیوەبردنی تەندروستی دا، ژیانی هەموو کەسەکانی پێوە بەستراوەتەوە، مرۆڤایەتی خۆی زۆر داوە بەدەست ئەم دەسەڵاتەوە، وەهەم لەبەر ئەوەیە کە کردنی بواری ژیان و مردن بە باتێکی پزیشکی مەیدانێکی فراوانە بۆ قازانجی سەرمایە و بۆ دەست بەسەری دوورو درێژی مرۆڤایەتی. جگە لەمەش پیشەسازی و بازرگانی پزیشکی هەموو بەشەکانی ئابووری، سەربازی، پارە، تەکنۆلۆجیا، کۆنترۆڵ... ی لە خۆیدا چڕ کردۆتەوە. بەمەش مەرکەزیەتێکی گرنگی لە بواری دەسەڵاتی سەرمایەدا داگیرکردووە. بەهێز کردنی جیهانی ئەم مەرکەزیەتە هەم قازانج بە خشە، هەم بواری بەردەوامی پەرەسەندنی پزیشکیانەی سەرمایەی ئاواڵەکردووە(بوژانەوەی سەرمایە)، هەم باڵ ڕاکێشان و خۆداکوتانی زیاتری سەرمایەیە بەسەر ژیاندا. پیشەسازی و دەسەڵاتی کردنی ژیان بە بابەتێکی پزیشکی

مۆدێلێکی هێزداری ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەمڕۆ و داهاتوویی بەرهەم هینانەوەی سەرمایەیە. هەتا ژیان هەبێت و دەسەڵاتی پزیشکی کردنەوەی ژیان بەرقەرابێت سەرمایە لە پەرەسەندن دا ئەبێت، مل کەچی و خۆبەدەستەوەدان و چەوساندنەوەو قازانج بەردەوام ئەبێت... بابەتی ئەمڕۆی بوونی ڤایرۆس و بڵاوبوونەوەی پەتا لێروە داڕێژراوەو سەپاندنیشی زیاتر بە پزیشکی کردنەوەی ژیان و سەرشۆڕی و کۆیلایەتی درێژخایانی مرۆڤایەتیە. باڵ ڕاکێشانی سەرمایەیە بەسەر ژیاندا: لاواز کردن و نەخۆش خستنی مرۆڤەکانە لە ڕێی چەوساندنەوەو برسێتی و ترس و داپڕانەوە ( تێکشکاندنی ژیانیان و کۆکردنەوەی وەجبەیەک لە قازانجە لێرەوە)، ئینجا کردن بە پزیشکی و ئایینی و خیرخوازی ئەم بوونە نەخۆشەیان (واتە پەردەپۆشکردنی دەوری سەمایە لە نەخۆشخستنی پێشینی مرۆڤەکان ، ئینجا بەردەوامی دانی سەرمایە بەخۆی لە ڕێگەی تەداوی کردن و هەڵ بەستنەوەی ئەم بوونە نەخۆش و تێک شکاوەوە،لە ڕێگەی دەسەڵاتی پزیشکی و ئاینی و خیرخوازەوە.. ئەمەش دیسانەوە هەم ڕەگداکوتانی دەسەڵاتی سەرمایەو زیاتر تێکشکاندنی مرۆڤایەتیە، وە هەم بەردەوامی کۆکردنەوەی وەجبەیەکی ترە قازانجیشە... ) . خۆ لێخووڕینی سەرمایە بەردەوامە لە ڕێی خولقاندنی چەوساندنەوە بە پلەی یەکەم و تەداوی کردنی پزیشکی و ئایینی و خێرخوازی چەوساوەکان بە پلەی دووەم... سەرەتایەکی تێکشکاو ئەگات بە سەر ئەنجامێکی تەداوی کراوو هەڵ بەستراوی پزیشکی و ئایینی، ئەم سەر ئەنجامە"نوێ" یەش ئەبێتەوە بەسەرەتایەکی تێکشکاوتری هەمان پرۆسیس. سەرمایە لە پەرەسەندن بەردەوامە و چەوساوەکانیش بەردەوامن لە نا مرۆڤایەتی و بێ دەسەڵاتی و پەک کەوتەییدا.. لێرەدا دەسەڵاتی سەرمایە هەر بە زۆرو بە فێڵ خۆی داناوکتێ، هەر بێ دەسەڵاتی مرۆڤەکان بەرامبەر بە توانای ئاگاداربوون لە خۆیان و چارەسەرکردنی کەمو کوڕیەکانیان ناخولقێنی، بەڵکو بە ناخی مرۆڤە تێکشکاوەکاندا ئەچێتە خوارەوەو خۆی ئەکات بە بارێکی دەرونی ئەوەندە زاڵ کە تیایدا مرۆڤەکان هەم هەست بە بی دەسەڵاتیەکی تەواو بکەن بەرامبەر بە بوونی خۆیان، وە هەم لەبەر ئەو زاڵی دەرونە نەخۆشە بەسەر ژیانیاندا ئیتر لە ژیان دابڕێن ( هەموو کات و خۆشی ژیانیان ببێت بە وەڵامدانەوەی ئەو بێ دەسەڵاتیەیان) و نە بتوانن هیز لە خۆیاندا ببینن و نە بتوانن بە دەنگ کەس و هیچی ترەوە بچن. داماووی و خۆخواردنەوەو کلۆڵیەکی هەمیشەییی زاڵ ئەکات لە ژیانیاندا. ئەمەش هەم پزیشک و هەم ئایین ئەکاتە سەروەری خۆشی و نا خۆشیەکانی. خۆ تازەکردنەوەی سەرمایە و زاڵ بوونی لەڕێی تێکشکاندنی سلوکی ژیان و بوونی بەهەست و دەرونی مرۆڤایەتەوە ، لە ڕێگەی دابڕین و هەستکردن بە بێ توانای و خۆ خۆردنەوەوە، هەم بە پزیشکی کردنی ژیان برەو پێ ئەدا و هەم باڵ ڕاکیشانی ئایینیش. دابڕیینی مرۆڤەکان لە ژیان و لە خۆیان، و تێکشکاندنی بوارەکانی ژیان و هەلسوکەوتی مرۆییانەی مرۆڤەکان، زاڵ بوونی دەست بەسەری و تێکشکاندنی ماددی و دەرونی مرۆڤەکان ... سەرچاوەی هەردووکیانە. ئەمەیە ئەمڕۆ باڵی بەسەر ژیاندا کێشاوە. ئەمەش پرۆژەی مانەوەی زیندووی مرۆڤایەتی نی یە. کۆمەکی کردن نی یە بۆ بەردەوامی ژیان. شەڕی مان و نەمانی مرۆڤایەتی نی یە دژ بە "بەڵای ڤایرۆس" ! بەڵکو ڕێک بە پێچەوانەوە، بریتی یە لە تێکشکاندنی زیاتر و زیاتری مرۆییی و تواناکانی ژیان، لە ڕێی باڵ ڕاکێشانی زیاتر و قوڵ تر ی پزیشکی و سەربازی و تەکنۆلۆجی و ئاینیانەی سەرمایە وە دژ بە ژیان، دژ بە چەوساوەکان، دژ بە بوونی مرۆڤایەتی. ئەمەش جارێکی تر هیچ نی یە جگە لە بەردەوامی خودی سەرمایە خۆی نەبێت لە دەست پێشخەری و گەڕان بە دوای بوارەکانی خۆ زاڵ کردنی دا. یەک خستن و یەک دەستیە جیهانیەکەی و تۆتالیتاریەکەی ئەمڕۆشی لەسەر ئاستی جیهان لەمەوە هاتووە. ئەمەش هەم پرۆژەیەکی تەندروستی، پەرەسەندن، زاڵیەتی، بەردەوامی ، تۆتالیتاری سەربازی و ئایینی سەرمایەیە، لە ڕێی تێکشکاندنی ژیان و کۆیلەکردنی مرۆڤەوە، وە هەم پرۆژەیەکی چینایەتیەی بۆرجوازیەتیشە( چینی بۆرجوازیەت بە گشتی ئەبوژێنێتەوەو پاراوی ئەکات، چینی پرۆلیتاریاش بە گشتی تێک ئەشکینێت، زیندان و دەست بەسەر و برسی و

... ئەکات). لێرەوەیە کە هێنانی بابەتی ڤایرۆس و دەستپێشخەری بە پزیشکی کردنی ژیان پرۆسیسی مەرکەزی بوونەوەی سەرمایەیە لە هەموو بوارەکاندا. ئەم مەرکەزی بوونەوەی سەرمایەش نە ئەتوانرا جێ بەجێ بکرێت بەبێ پلانی لە ئیش و کار و هاتووچۆ خستن و دەست بەسەرکردنی دانیشتوانی گۆی زەوی. بچووک کردنەوە و لەیەک داپڕینی پرۆلیتاریای جیهان، کپ کردن و بێ دەنگ کردنی جادەکان، بڕینی هاتوو چۆی نیوانیان.... ئینجا دابەزاندنی هێزەکانی دەوڵەت بۆ کۆنتڕۆڵ کردنیان... خەریک کردنی هەموان بە ترس و بابەتی بوونی ڤایرۆسەوە، کردنی هەموو ژیان بە مەسەلەی بەرەوڕووبوونەوەی ڤایرۆس، دوورخستنەوەی پرۆلیتاریا لە شەڕی ڕاستەوخۆی چینایەتی و کردنەوەی پرۆلیتاریاکان بە پارچە پارچەیی و بە ناو خۆیاندا، بۆ فریاکەوتنی برسێتی و بێکاری و بێ هاتووچۆیی و نووقم نە بوونی... خۆیان... پلانی لەکارخستن و دەست بەسەر مەرج و زەمیەنەی جیهانی بەڕێوەبردن و دەست پێکردنی پیلانی مەرکەزی بوونەوەی جیهانی سەرمایە بوو. وەکو چۆن بۆ لێدانی سەدێکی ئاو پێوست بە کۆنتڕۆڵ کردنی ڕوبارەکە ئەکات. یان بۆ چاککردنەوەی مەرکەزێکی کارەبا پێویست بە ڕاگرتنی ووزەکە ئەکات... ئەمەش هەو هەمان پرۆسیسە. کۆنتڕۆڵ کردنی دانیشتوانی گۆی زەوی پێویستە بۆ ڕێکخستنەوەو ڕیزکردن و دەست پیا هینانیان. بۆ کۆنتڕۆڵ کردنی بەردەوامی و چارەنووسی داهاتوویان. لەوانەیە ئەو پرسیارە خۆی زەق کاتەوە کە بۆچی سەرمایە بەم "پەلە پەلە"،بەم "پەلە قاژەیە"، بەم" هەر ئەبێت ئێستا و ئاوا بێت"، بەم "ئابووری ڕاگرتنە" کە زەرەری ماددی خۆشی تیایە کەوتۆتە مەرکەزی کردنەوەی خۆی؟ بۆچی بە پرۆسیسێکی "باشتر" نەی کرد؟ بەشێک لەوەڵامی ئەم پرسیارە لەو شیکردنەوەی سەرەوەدا هەیە و لە نووسراوەکانی ترماندا بەووردی هەم ئەم جۆرە پرسیارانەو هەم وەڵامەکەیشمان شی کردۆتەوە. بەڵام لێرەدا بەکورتی ئەوە ئەڵێین کە بۆ فەرمان ڕەوایانی جیهانی سەرمایە نە پیلانەکەو نە پلانەکەش تازە و بە سودفەو بە"ناچاری"نی یە. بەڵکو بە ئەزموون و داڕێژراو و دراسەو بەکارهێنانی زۆری لەسەر کراوە و بڕیاری جیهانی لەسەر دراوە. لە دیکتاتۆریەتی مێژوویی و پێویستی دەست بەجێی ئەم سەردەمەی ئەم دیکتاتۆریەتەوە گەڵاڵە بووە و بووە بە بریارێکی مەرکەزی و هوشیارانەی سەرمایەدارانی جیهان. بە تایبەتی دەست ڕۆیشتوان و خانەدارانی پارەدار و خاوەن بانک و خاوەن کۆمپانیاکانی جیهان..
تەرتیبکردنەوەی ئابووری و بە پزیشکی کردن و بە تەکنۆلۆجیی کردن ژیان و زیاتر کۆنتڕۆڵ کردنی ڕاستەوخۆی دیجیتەڵی و دوور لە دەستاو دەستی کەسی بوارەکانی ئاڵ و گۆڕی ماددی و مەعنەوی مرۆڤەکان .. ئەمانە هەمووی هەم مەرکەزی کردنەوەی سەمایەیە لە ژیان و بەسەر ژیاندادا، و ەهەم بەهێزکردنی راستەوخۆی ئەم خاوەندار و خانەدارانەیە بەسەر ئەو مەرکەزی بوونەوەدا و لەوێشەوە بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا. ئەوان بە ڕاستەوخۆی فەرمان ڕەوایی ئەو مەرکەزیەتە ئەگرنە دەست. هەموو بەشەکانی دەوڵەت و هەموو سەرمایەدارەکانی تر ئەکەونە ژێر ڕکێفی ڕاستەوخۆی ئەوانەوە. ئەوان ئەبنە خاوەنی هەموو حکومەتەکان و سیاسەتی پەرەسەندنی سەرمایەو کۆنتڕۆڵکردنی چەوساوەکان لە سەر ئاستی جیهان.

لەسەر ئاستی دابینکردنی پێویستیەکانی ژیانی ڕۆژانە و باری گوزەرانی پرۆلیتاریا لە جیهاندا دەستدرێژی و ڕووتاندنەوەی ئەم فەرمانڕەواییە بە ئاشکرا زاڵە و تا دێش زیاتر ئەبێت. لەبەر شاڵاو و هووها و پاڵەپەستۆی کۆنتڕۆڵ کردنی ڤایرۆس بۆمان نی یە ئاوڕ لە کوالیتی ژیان بەینەوە. کوالیتی ژیانیان دزییوە لێمان. ناتوانیین داوای زیاتر بکەیین. ناتوانیین پرسیار لەسەر کوالیتی بوونی خواردن و خواردنەوەو هاتوو چۆ و باری گوزەران بکەیین. بەبەردەوام ئەم کوالییتیەی ژیان ئەچیتە خوارەوەو بۆگەنی ژیان خۆی زاڵ ئەکات و دەست درێژی و

قازانج و دەسەڵاتی سەرمایەداران ئەچیتە سەرەوە. ئەمەش تادێت باری ماددی و دەرونی چەوساوەکان دا ئەڕزێنێ و گیرفانیشیان هەڵ ئەتەکێنێت.

بابەتی "پەتاو چارەسەرکردنی پەتا" نە "پەتای سەرمایە" یە، و نە " بەزۆر کردنی ئەم پەتایەی سەرمایەیە بە قوڕگی پڕۆلیتاریادا " ،وەک ئەوەی کە ئۆرگانی پڕۆلیتاریای ئینتەرناسیونالیست لە بلاوکراوەکانیدا بانگەوازی ئەکات، بەڵکو پارچەپارچەکرنی زەمیەنەی ماددی ژیانی پڕۆلیتاریاو ڕاکێشانی ئەو بەڕە و سفرەیەیە کە پڕۆلیتاریا لەسەری ئەژی. هەڵ تەکاندنی پڕۆلیتاریایە لە ڕەگەوە. بەمەش لاوازکردن و چەک کردن و پاڵ پیوەنان و خستنی پڕۆلیتاریا یە بەزەویدا و پێ شێڵ کردنێتی بەرەو خۆبەدەستەوەدان.. سەرمایە بەدزیەوە "ئارەقی پەتا " دەرخواردی پڕۆلیتاریا نادات و سەرخۆشی کا و ئینجا بەفێڵ ململانیکەی لێ بەرێتەوە. نەخێر ، بە زۆر و بە ئاشکراو بە هێز پڕۆلیتاریای لە خۆی و لە یەکتری و لە هێزە ئینتەرناسیونالیستیەکەی و لە باری ژیانی دابڕیوەو ئینجا بە پارچە پارچەیی کەوتۆتە گیانی و هەموو ڕێگاکانیشی بە ئەڵغام لێ گرتووە. پەتا بەر لەوەی بیانووی سەرمایە بێت بۆ برسی کردنی پڕۆلیتاریا بریتی یە لە پڕۆسیسی زیندانی کردنی پڕۆلیتاریای جیهانی و تێکشکاندنی خەباتی پڕۆلیتاریا و بە پزیشکی کردنی ژیانیان، وەک لەسەرەوە شیمان کردەوە..

تاکە وەڵامی پڕۆلیتاریا یاخی بوونیەتی لەم دەست بەسەریەی سەرمایە

بەرگری کردنیەتی لە ژیانی ماددی و دەرونی خۆیی دژ بەم دەستدرێژیە چینایەتیەی بۆرجوازیەت

بەکارهێنان و بەردەوامی دانە بەو هێزو توانایانەی خەبات کە هێشتا پێی ماوە دژ بە بەسەربازی کردن و بە پزیشکی کردنی ژیانیان

دەستپێسخەری کردنی خەباتی چینایەتی و ئینتەرناسیونالیستی و مرۆییی تا لە توانادایە

لەهەموو لایەکەوەو لە هەموو سات و جێگایەکدا

بڕوخێت بوون و فەرمان ڕەوایی سەرمایە... بژی کۆمۆنەی مرۆڤایەتی

## 3- سەپاندنی جیهانی"پەتا"، دژایەتی کردنی ڕاستەوخۆی خەباتی ئینتەرناستونالیستی پڕۆلیتاریایە

داسەپاندنی بوونی"پەتا"، دژایەتی کردن و لێدانێکی ڕاستەوخۆیە لە خەباتی ئینتەرناستونالیستی پڕۆلیتاریا. سەنتڕالیزمی جیهانی سەرمایەدارەکان، لە شەڕی مێژوویاندا دژ بە بوونی مرۆڤایەتی و لە ترسی بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی بزووتنەوەی ئینتەرناسیونالیستی ڕزگاریخوازی پڕۆلیتاریا، جیهانیان کرد بەزیندان بۆ هەموو مرۆڤایەتی....

لەدوای 2009 وە ، خەباتی ئینتەرناسیونالیستی پڕۆلیتاریا ،هەرلە (فەرەنساوە تاوەکو ئەمریکای لاتین،وولاّتانی باکوری ئەفریقا و یەمەن،سوریا،عێراق،ئیران،یۆنان) بەرەو هەڵکشان و پەلامار دەچوو... تاکو

لەشوێنێ سەرکوت دەکرا، لە دوو، سێ شوێنی تر سەری هەڵدەدایەوە . ئەم بەردەوامیەی خەباتی ئینتەرناسیونالیستی پرۆلیتاریا، لە ڕێگەی تەرکیزکردنە سەر دژایەتی کردنی ڕاستەوخۆی چەوساندنەوە و چەوسێنەران بەهەموو ڕەنگو بۆنەکانیانەوە، توانی لەزۆر شوێن ڕاستەوخۆ هەڵ کوتێتە سەر کۆی دەسەڵاتی سەرمایەو تێپەری بەرنامەی دیمۆکراسی و ئاشتی و پێشکەوتن خوازی سۆشیال دیموکرات و پێشبڕکێی باڵە قەومی و دینیەکانی بۆرجوازیەت بەکردەوە بکات.. هەربۆیە بۆرجوازیەتی عالەمی ، بۆ تووند و تۆڵ کردنەوەی دەسەڵاتە چینایەتیەکەی و تێکشکاندنی ئەم دەستپێشخەریە ئینتەرناسیونالیستی و کۆمەڵایەتیەی پرۆلیتاریا، هەڵسا بە دەستپێشخەری شاڵاوی جیهانی تیرۆر و قەسابخانە ناوچەییەکانی.. هەستا بە شاڵاوی هێرش وپەلامار بۆسەر پرۆلیتاریا. بەگرتن وپەلامارو راوەدوونان ودواجار کۆمەکی کردن وئامادەکردنی (القاعیدەو دواتریش داعش) .. بەمەش لەزۆر شوێن زەبری کوشندەیان لە بزووتنەوە ئینتەرناسیونالیستیەکەی پرۆلیتاریادا و بەش بەش لێیان پچڕی و بە چەک و برسی کرن کەوتنە قەتڵ و عام کردنی ( بەتایبەت لە یەمەن، لیبیا، سوریا، تورکیا، ئێران، میسر..). وە لەرێگای پرۆگرامی سۆشیال دیموکراتیش کاریان لەسەر (میصر، کوردستان، سۆدان، تونس...)کرد... وکاریگەری ئایدیۆلۆجی ئۆپۆزیسیۆن (دیمۆکراسی و ڕیفۆرم ...) لەسەر چەەوساوەکان رۆڵی هەڵ خەلەتاندن و تێکشکێنەرانەی خۆی لە ناو چەوساوەکاندا بینی.. بەڵام بەهەموو ئەمانەش دادی دەسەڵاتی جیهانی سەرمایەدارانی نەدا لە سەرکوتکردن و زاڵ بوون بەسەر خەباتی پرۆلیتاریادا... ،چونکە ئەم جارەیان لەفەرەنسا (هێلەك زەردەکان، ولەعێراق و لوبنان، ئێران، هۆنگ کۆنگ...) بە ڕۆشنیاییەک و بەردەوامییەکی زیاترو زیاترەوە، بە هێزێکی چینایەتی زیاتر و زیاترەوە...، هاتنەوە سەرجادەکان و لە دەسەڵاتی سەرمایەدارەکانیان ئەدا: ناوجەرگەی شارەکانیان داگیر ئەکرد، هاتووچۆیان کۆنترۆڵ ئەکرد، ڕێگەی کارگەکان و بەندەرەکانیان ئەگرت،هاتوو چۆی شت و مەک و سووتەمەنیان کۆنترۆڵ ئەکرد، هێزی کۆمەڵایەتی چینایەتی خۆیانیان ئەسەپاند، خۆ پیشاندانیان ڕێک ئەخست، هێرشیان دەکردە سەر حکومەت ، سەر پەرلەمان، بانکەکان، بازاڕە بەهادارەکان، دەزگاکانی تەلەفیزیۆن و ڕاگەیاندن، مقەری حیزبەکان (بە ئیسلامی و عەلمانی و نیشتمانی... یەکان) ، بۆسەر شوێنە "پیرۆزە دینیەکان" و ڕابەرەکانیان. ...

لە بەرامبەر مەترسی ئەم پەرەسەندنەی بزووتنەوەی ئینتەرناسیونالیستی پرۆلیتاریادا، لە لایەک، وە لاوازی ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆجی جیهانی سەرمایە لە خۆ تازەکردنەوەو بەردەوامی دان بە زاڵیەتی خۆیدا... سەرانی بۆرجوازی وخاوەن بانک وبازرگانە دەست ڕۆشتووە جیهانیەکان و دەزگاکانی ئاسایشی چینایەتی نێو دەوڵەتی ..،هەڵسان بەدارشتن و دروست کردن و هۆنینەوەی پیلانیکی جیهانی وا کە هەم لێوەی بتوانن پرۆلیتاریا **بە زووترین کات** تیک بشکێنن و هەم **گۆرانکاری پیویست** لە باری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیاندا بکەن. ڕێگە بۆ سەلامەتی و **خۆتازەکردنەوەیەکی درێژخایانی** جیهانی سەرمایەخۆش بکەن.. هەستان بە ڕێکخستنی هێرشیکی جیهانی لە بواری تەندروستی دای.. بەبێ تەقەو بەبێ شەری ئەتۆمی و چەکی بایۆلۆجی و سۆنیکی.. هەڵسان بەدروست کردنی جەنگێك، بەناوی جەنگی مرۆڤایەتی دژی ڤایرۆس و چەکدارکردنی مرۆڤایەتی بە چەکی پاک وخاوێنی لەم جەنگەدا. کردنی خۆمان بە چەک و بەتەنگەوە هاتنی

تەندروستی خۆمان بە خەباتی مرۆڤایەتی دژ بەم ڤایرۆسە!! لەژێر ناوی پەتای (کۆڤید 19) هەموو مرۆڤایەتیان کردە کونجی ماڵەکانیان ولەماڵەوەش ،خۆپارێزی ودوورکەوتنەوە لەیەکتری و دابران . **جیهانیان کرد بەزیندان بۆ هەموو مرۆڤایەتی...** دواتریش مل کەچ پێ کردن و برینی لەموچەو بازارو برسی کردن ونامۆ بوون لەیەکتری لەژێر ناوی سەلامەتی و خۆپارێزیی.(هەرئێستا لەکوردستان ،ئەگەر کارێکت هەبێ لەیەکێ لەفەرمانگەکان ،ئەبێ کەچویتە ژوورەوە،دەمامك ودەست کێشت لەدەست بێت..، ئەگینا ڕێگا نادەن بچیتە ژوورەوە..کەئەچیتە ژوورەوەش لەبەردەی فەرمانبەرەکەدا .. مێزێك دانراوەو بەنایلۆن دەوری گیراوە.. واتا لەپشتی پەردەوە ،مامەڵەکانت لێ وەردەگرن؟؟؟؟ ئەگەر وا نەکەیت ناهێڵن بچیتە ژوورەوە...)...

کاتێ ئەم زۆرداری و دیمەنەکانی ئەبینی ،تەنها و تەنها کۆیلەتیت نیشان یادا و ئەوت دێتە بەرچاو.. کۆمەڵگایان کردوە بەسەربازگەو لەناو سەربازگەکەشدا جێ بەجێ کردنی فەرمانی سەروی خۆمان ئەسەپێنرێت بەسەرماندا. خۆبەدەستەوە نەدان یان دەرچون لە جێبەجێکرندی ئەم فەرمانە زیان گەیاندنە بە خۆت و بەکۆمەڵگا، و خواش قبوڵی نی یە زیان بەخۆت و بەدەوروبەریش بگەیەنی. ئەمەیە کە (w,h,o)و فەرمانڕەواییی باڵای سەرمایە بریاری لەسەر داوەو دراسەی کردوە و ئەیسەپێنێت. لە ڕێگەی فێڵ و بە ترسی ئەوەی کە گوایە پەتا هەیە، و پەتاکە زۆر مەترسی دارە بۆ بوونی مرۆڤایەتی ، و ئەبێت کۆنتڕۆڵی کەیین، ئەمەش قوربانی دانی ئەوێت... لە بەر ئەوەی ئەمە لە شتێکی محەلەو ناوچەیی دەرچووە و بووە بە بەڵایەکی جیهانی و وەک غەزەبی خوا هەڕەشە لە هەموو مرۆڤەکان ئەکات... لەبەر ئەمە نە دەستی هیچ حوکمەتێکی تیا یە و نە کەسیش ئەتوانێت مل نەدات بە کۆنتڕۆڵ کردنی!!... لێرەدایە هەست ئەکەیت مرۆڤەکان بێ ئیرادەو چاوترسێن کراون:
بەنەخۆشی، پەتا ،هەژاری ،نەبوونی ، برسیەتی ومردن.. مردن لەسەرەی ،دەرمان ،لەسەرەی موچە،لەبێ ئاوی و لەنەبوونی کارەبا!!
هەربۆیە لەم وەزعەدا ،،(یاخی بوون،، بەرپەرچ دانەوە، مانگرتن،شە ری دەستەو یەخە دژی (بریارەکانی تەندروستی،یاساکانی قەدەغەی هاتوچۆ،دژی پۆلیس، پەرلەمان. دژی خواو پیرۆزیەکەی،دژی دەوڵەت ،دژی بەهاو پارە) ئەبێ بەیەکەوە بێت و ،پرۆلیتاریا لەهەموو کاتێ زیاتر پێویستی بە(یەکیەتی،،یەکیەتی و،تەنسیق و تەنسیق ،ئەبێ ترس و دڵە راوکێ لابرێ و لەجێگای ئەوە،بروابەخۆبوون و بەرفراوان کردنی خۆپیشاندانەکان ولە سەرەکەیەوە دەست پێ بکرێ ،)...

بەر لە گشتی کردنەوەی جیهانی بڕیاری کۆنتڕۆڵ کردنی هاتوو چۆ و دەست بەسەری ، پڕۆلیتاریا لە مەیدانەکانی خەباتدا لەسەر ئاستی جیهانی لە بەردەوامی و پەرەسەندا بوو. ئەمەش لە ڕێی کراوەییی هاتوو چۆ و خڕبوونەوەی کۆمەکی و بەدەنگەوە هاتنی پڕۆلیتاریاکان بۆ بانگەوازەکانی خەبات لە ناوچەکەو دەرەوەی ناوچەکانی خۆیان( فەرەنسا، لوبنان، شیلی، عێراق، جەزائیر نموونەی بە هێزن). لەگەڵ ئەم بە دەنگەوە چوونانەو جموو جووڵەکانی هاوکاری و خۆڕێکخستن و بەردەوامی گشتی کردنەوەی خەباتدا شەڕەکانیان زیاتر و زیاتر کۆمەڵایەتی ئەکردەوەو کاریگەر ی و دەنگدانەوەیان بەجێ ئەهێشت لەسەر دانیشتوانی دەوروبەری خۆیان بۆ هاتنەناوەوەی زیاتر و زیاتر... وە بەردەوامیشیان بەبوونی خەباتی چینایەتی لەسەر ئاستی جیهانی

ئەدا . هەر ئەمەش نا، چاویان لە هاتوو چۆ و خڕکردنەوەی هێزە سەربازی و ئاسایشیەکانی سەرکوتکردن نە ئەبڕی. ئاگاداری جموو جووڵیان بوون و ڕێیان پێ ئەگرتن، ئەیان خستنە کەمینەوە و هێرشیان ئەکردە سەریان( بە تایبەتی لە جنووبی عێراق). بەر بڵاویی و کاریگەری بزووتنەوەکە ڕێگەی بە هێزەکانی سەرکوتکردن نە ئەدا کە بە ئاشکراو بە سنگ دەر پەڕاننەوە هاتوو چۆ بکەن. نەیان ئەتوانی هەواڵ و پڕۆسیسی هاتوو چۆکانیان لە وە بپارێزن کە نەگات بە بزووتنەوەکە. ئەبوایە زۆر بە دزی و بە نهێنی و بە پەلە بڕیار بەن و بە جێ بەجێ کردنی هەستن. سیاسیەکانیان نەیان ئەتوانی بە ئاشکرا و بە پێی پێویست پێکەوە کۆ ببنەوە. جیاوازیەکانیان یەکلابکەنەوە.. لەبەر بەربڵاوی خەباتی پڕۆلیتاریادا توانای دابڕینی و لێدانی بزووتنەوەکەیان لە شوێنێکدا نەبوو... پڕۆلیتاریا لە هێرش کردن و دەست پێشخەری و لێدان دابوو و بۆرجوازیەت لە بەرگری کردندا..

بڕیاری جیهانی بڕینی هاتوو چۆ و سەپاندنی دەست بەسەری پەتا دەستپێشخەری جیهانی سەرکردایەتی چینی بۆرجوازیەت بوو دژ بە هێزو زاڵ بوونی کۆمەڵایەتی و بەربڵاویی جیهانی بزووتنەوەی پڕۆلیتاریا. لێدانی ڕاستەوخۆ بوو بۆ سەر بوون و هێزی بزووتنەوەی پڕۆلیتاریا. بڕینی زەمینەی ماددی و دەرونی بەردەوامی بزووتنەوەکە بوو. دابڕینی پڕۆلیتاریاکان بوو لە یەکتری و لە زەمینەی خەبات. دابڕینی ناوچە یاخی بووەکان بوو لە یەکتری . شکاندنی بوونی کۆمەڵایەتی و جۆگرافی کۆنتڕۆلی بزووتنەوەکە بوو. چەک کردنی بزووتنەوەکە بوو . برسی کردن و پوکانەوەو پارچە پارچەکردن و تێکشکاندنی ڕاستەوخۆی بوونە شۆڕشگێڕ یەکان بوو... ئینجا ئابلۆقەدان و کۆنتڕۆڵ کردنی درێژخایانی هاتوو چۆ و خواردن و سووتەمەنی و پارەو ووزەو ئاوو خزمەتگوزاری و پێویستیەکانی تری ژیان و خەبات ئەو ناوچانەی کە چەند ساڵە خەباتی تیا بە هێزەو دەوڵەت لاوازە تیادا. سزادانی چینایەتی درێژخایانی چەوساوەکانی ئەو ناوچانەن! بەهێزکردنەوەی ناوچەیی و نیشتمانی و نێودەوڵەتی دەسەڵاتی چینی بۆرجوازەیەتە. جەنگێکی چینایەتی بۆرجوازیەتی جیهانیە بۆسەر چینی پڕۆلیتاریا.

بە هێنان و سەپاندنی یاسایی و سەربازی بابەتی لە ئارادابوونی پەتاو پێویستی تەندروستیانەی کۆنتڕۆڵ کردنی، بە داخستنی بوارەکانی ماددی و کۆمەڵایەتی ژیان، بە بڕین و کۆنتڕۆڵ کردنی هاتوو چۆ، بە بڕینی پارەو ئیش لە چەوساوەکان .. بە کەمکردنەوەی بوونی پێویستیەکان و گرانکردنیان، بە زیادکردنی برسێتی و ترس و سزادان.. بە گرتن و کوشتن ... بەمانەهەمووی بۆرجوازیەت پڕۆلیتاریای لە هێز خست و کردەیە کوونەوە. ئینجا هێزە سەربازی و ئاسایشەکانی خۆی بڵاوکردەوە بۆ جێگرتنەوەی ئەوەی کە لەدەست پڕۆلیتاریای سەنۆتەوە .. ئینجا ناردنی هێزەکانی بۆ هەموو ئەو شوێنانەی کە جاران نەی ئەوێرا لێشی نزیبک بێتەوە. خۆ قایم کردن و سەنگەر گرتنەوەی لە هەموو لایەکەوە. ئینجا درووست کردن و ڕێکخستنەوەی سیاسانەی خۆی..
حکومەتەکانی.. ئینجا بەکارهێنانی پلانی "نان بە چەک"،بۆ چەک کردنی پڕۆلیتاریا (وەکو 1991-1993ی کوردستان) .. لەمەودا و لەم ئامادەیە جیهانییەی بۆرجوازیەتدا هێزەچەکدارەکان بڕیاری تەواوەتیان پێ یە کە دەست نەپارێزن. سەنگەر چۆڵ نەکەن. گوێ بە هیچ شتێک نەدەن جگە لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی کە بۆیان دێت. نەشی کەن ئەوانیش ئەخرێنە ڕیزی یاخی بوانەوەو سزای چینایەتی جیهانی ئەدرێن(معاش بڕیین. چەک کردن. دەرکردن.لێسەندنەوەی ئیمتیازات و ئەوەی مۆڵەتی پێ دراوە کە هەی بێت....)
بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونە کاڵ و کرچ و خۆش باوەڕیانەوەی کە وای لێک ئەدەنەوە کە بابەتی پەتا لە" لاوازی دەسەڵاتی سەرمایەوە" سەری هەڵداوە و سەرمایەداران لە دەست بەکاربوونیاندا بۆ کۆنتڕۆلکردن و تیمارکردنی

ئەکەونە کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی زیاترەوە، و ئەمەش دەسەڵاتی سەرمایە زیاتر لاواز ئەکات و پرۆلیتاریا پاڵ پێ وە ئەنێت بۆ خەباتی زیاترو زیاتر، و پرۆلیتاریا ئەم "بشێویە"ی دەوڵەت ئەخاتە ئیش بۆ بەرژەوندی خۆی... بەپێچەوانەی ئەم تێگەیشتن و هەڵوێستەکانیانەوە، کە هەم چاوپۆشی کردنە لەوەی سەرەوە کە باسمان کرد، وە هەم بەفعلی خزمەتکردنە بە شالاوەکانی دەوڵەت، بزووتنەوەی پرۆلیتاریا ڕووبەڕووی فەرمانی سەرکوتکردن و هێرشێکی جیهانی دڕندانەی چینی بۆرجوازیەت بۆتەوە . دەوڵەت و چینی بۆرجوازیەت لە باڵ راکێشان و دەست پێشخەری و زاڵ بووندایە نەک پرۆلیتاریا. بزووتنەوەی پرۆلیتاریا پاڵ پێوە نراوە بۆ ژێرەوەو بۆرجوازیەت هەڵکشاوە بۆ سەرەوە. ناکۆکیە چینایەتیەکان ئێستا دەجار زیاتر لە جاران بە هێزی بۆرجوازیەتی جیهانی و لاوازی پرۆلیتاریای ئینتەرناسیونالیست ڕائەگەیەنێت. دەجار زیاتر زاڵیەتی دەوڵەت و پاشەکشەو شکستی بزووتنەوەی پرۆلیتاریا نیشان ئەدا. دەجار زیاتر لە زەرەری بزووتنەوەی پرۆلیتاریا و لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی جیهانی سەرمایەدایە. بۆرجوازیەت جڵەوی جیهانی مل ملانێ چینایەتیەکانی لەدەست بزووتنەوەی پرۆلیتاریا دەرهێناو کردی بە سەرکوتکردن لەدەست خۆیدا. لەمەودوا دەجار لە جاران زیاتر دەنگو باسەکان زیاتر دەنگووباسی داپڵۆسینی پرۆلیتاریا و دەستپێشخەرەکانی بۆرجوازیەتە لە هەموو شوێنێک. نەک باسی تەقینەوەی ڕاپەڕینەکان و خۆڕێکخستنی خەباتکارانەی پرۆلیتاریا. باس باسی قەتڵ و عام کردن و برسی کردن و وێران کاری ئەبێت، نەک خەبات و کۆبوونەوەو دەگیرکردنەکانی پرۆلیتاریا.

لەبەر ئەمە ڕێگەنەدان بە سەرگرتنی ئەم فەرمانی سەرکوتکردنەمان . لێدانی بەردەوام لە بوارەکانی. دەست وەشاندن لە هێز وو دەستەو تاقمەکانی بەرپرس و جێبەجێکەری. مەرکەزی کردنەوەی خۆ ڕێکخستنمان و ڕێکخستنی چالاکیەکانمان دژ بەم فەرمانە.. ئەمانەو هەرچیەکی تری لەم بارەیەوە کە لە تواناداا هەیە بکرێت دژ بەم فەرمانی برسی کردن و تێکشکاندنەمان، هەمووی هەم بەرگرتنە بە داپڵۆسین و قەتڵ و عامکردنی درێژخایانمان، هەم لێدانە لە فەرمانی جیهانی سەرمایە لە شوێنی خۆمانەوە، هەم هەوڵدانە بۆ هێنانەوە سەر ڕووی بزووتنەوەکەمان و بەهێزکردنی ...

**ڕۆخێت فەرمانی جیهانی سەرمایەداران**

**بژی خەباتی دژ بەم فەرمان ڕەواییە**

**بژی بزووتنەوەی ئینتەرنالیستی پرۆلیتاریا دژ بە چەوساندنەوەی چینانەیەتی**

**بژی ژیان و مرۆڤایەتی**

" With high-profile protests raging across Chile, Colombia, Hong Kong, Sudan, Algeria, Lebanon, India, Spain, France and more, last year it often felt as if **much of the world was out in the streets**. A quarter of the world's countries experienced a "surge" in civil unrest in 2019. And, the report's authors say, that unrest is unlikely to die down in 2020. Last year's protests, spanning South America, Asia, Africa, the Middle East and Europe .. protests broke out in the 47 countries that experienced an uptick of unrest in 2019. "According to our predictions, on average, 80% of [the 125 countries will see an uptick in protests over the next two years," *Already in the first two weeks of 2020, mass protests have returned to Chile, Lebanon, Iraq, Iran, Hong Kong, France, India and more. Last year's global unrest may be about to become the new normal." ( A* report published Thursday *by risk consultancy Verisk Maplecroft. January 17, 2020* pribizco*)*

# ئەمڕۆ ،سەرمایەداری لە جەنگی گەشانەوەدایە نەک لە ئەزمەدا

## 1-سەپاندنی پەتا فەرمانی دەسەڵاتە، نەک دەورانی کوێرانەی ئابووری

لەوەڵامی  هەموو ئەوانەدا کە  هێرشی ئەم سەردەمەی سەرمایەداری بۆ سەر ژیان و بۆ سەر مرۆڤایەتی بە دەورانەکانی ئابووری سەرمایەو بە ئەزمەی ئابووری  سەرمایەدارییەوە گرێ **ئەدەن.** ئەوانەی کە وای ئەبینن و لێکی ئەدەنەوە کە سەرمایەی ئەمڕۆ، لە دوێنێ و پێرێ وە، لە ئەزمەیەکی قوڵی ئابووریدایە. هێرشەکانی ئەم سەردەمەشی، وەکو هەموووێرانکاریەکانی پێشووتری،  بریتی یە لە هەوڵێکی دەمارگیری و شێتگیرانەی بێ کۆنترۆڵی سەرمایەدارەکان و دەوڵەتەکان لە وەلامدانەوەی ناچاری ئەم ئەزمە قوڵەدا. لەوەی کە شێت بوون و نازانن چی بکەن و پەنا بۆ هەموو شتێک ئەبەن بۆ دەربازکردنی سەرمایەکەیان لەو ئەزمە قوڵە.. لەوەی کە بۆ نموونە تورکیا بەهۆی کاریگەری ئەم ئەزمە قوڵەوەیە لەسەری کە تووشی دەمارگیری سەربازی بووەو بەهەموو لایەکدا  هەڵپەیەتی و داگیرو کوشتارکاری ئەکات و سوپا بڵاو ئەکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئەزمە قوڵەی کە تێی کەوتووە.  داگیرکردنە سەربازی و ئابووریەکانی  بۆ دەریای سپی ناوەڕاست، لیبیا، تونس، سوریا، کوردستان.. بەهۆی ئەم ئەزمە ئابووری و هێستریا کەیەوەتی. لە درێژ بوونەوەی تیرۆر و دەست درێژی دەوڵەتی تورکیاوە نی یە بەسەر باری ناوخۆیی و ناوچەیی دا ، بەڵکو لە بێ بەرنامەیی و شێتگیری و لاوازی دەوڵەتی تورکیایە! چی لێ ئەکەوێتەوە خۆشی نازانێت!!

ئەوانەی کەبابەتی ئەمڕۆی"پەتا" بە پەتاو ئەزمەی سەرمایە ئەبینن.  نەک بە پلانی داڕێژراوی جیهانی سەرمایەداری دژ بە مرۆڤایەتی. نەک بە باڵ ڕاکێشان و ڕۆچوونی سەرمایە بەسەر و بە ناخی مرۆڤ دا. ئەوان پەتا لە لاوازی سەرمایەو بێ بەرنامەیی سەرمایەداران ئەبینن. وای ئەبینن کە پەتا لەلایەک نەگبەتی یەو سەرمایە لەدەستی دەرچووەو بەڕاستی هەیەو بڵاوبۆتەوەو هەر دەوڵەتە لەلای خۆیەوە  ئەیەوێت کۆنترۆڵی بکات، لە لایەکی ترەوە وەک وەسیلەیەک ئەیبینن  بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەزمەکەی ، ئەمەش بەوە نا کە پەتا خۆی لە خۆیدا کوشتنی مرۆڤایەتی یە، هێرشێکی سیستەماتیکە دژ بە ژیان، بەڵکو وەک وەسیلەی مەشغووڵ کردنی جەماوەرو بەلاڕێدابردنی کاتی و کات کوشتن و دەسی دەسی کرن تا ئابووری  ئەبووژێتەوە،  کە ئابووری کەوتە جوولەی گەشانەوە ئەوسا ئیتر سەرمایە پیویستی  بە پەتا نامێنی و وازی لێ دینێ و پەتاش ئەپووکیتەوە.

هەموو ئەو کەسانە و لیکدانەوەکانیان بەم شێوەیە دێت:

سەرمایە- ئەزمەی ئابووری-دەمارگیری سەرمایەداران- پەلە قاژەی سەربازی ناوجەیی و نێودەوڵەتی- مونافەسەو لەدەست دەرچوون- پەتا بڵاوبوونەوە- هەوڵی کۆنترۆڵکردنی بڵاونەبوونەوەی پەتا/ بەکارهێنایشی وەک وەسیلەی مەشغوڵ کردن- بوژانەوەی ئابووری-  دەستپێکردنی دەورانی گەشەی سەرمایە-دامرکاندنەوەی هێستریای سەرمایەداران و مونافەسەکانیان- پەتا ڕەوانەوەو بەسەرچوون! بە ئەزمەی سەرمایە دەستمان پێکرد و بە بوژاندنەوەی سەرمایە گەیشتنن. هەموو سەرکوتکردن و کوشتاکاری و هەلس و کەوتە سەربازیەکانی

سەرمایەداران  و هەڵ بەز و دابەزەکانی پرۆ لیتاریا بەرامبەری لەو پڕۆسیسەی سەرمایەدایەئەبینن. لەگەڵ ئەزمەکەدا بەرز ئەبنەوە و بە بووژانەوەکەش دا ئەمرکێنەوە. هەتا سەرمایە بتوانێت خۆی بۆ خۆی ئەزمە دروست بکات و چارەسەریشی بۆ بدۆزێتەوە ئەوا ئەو پڕۆسیسە بەردەوام ئەبێت و کوشتارکاری و هەڵ بەزو دابەزەکانیش ئەبێت لەگەڵیا بڕوات. هەم شێتگیری و هێستیریای سەرمایەداران  بەردەوام ئەبێت، وە هەم

برسێتی و لەناچوون و پەلە قاژەو هەڵ بەزو دابەزەکانی چەوساوەکانیش! ئەمە چارەنووسیانەو  لە ناوچاوان و ژیانی هەردوو لایان نووسراوە بە خەتی ئەزمەو ئینتعاشی سەرمایە!

لەناو ئەم پڕۆسیسە خنکێنەر و بووژێنەرەوەی سەرمایەدا، ئەم ئابووری ناسانە، کە زۆربەیان خۆیان بە شۆڕشگێر و دژە سەرمایە ئەزانن، دوو قەوسیان کردۆتەوە.  قەوسێک بۆ چەوساوەکان و قەوسێکیش بۆ سەرمایەدارەکان.لە قەوسی چەوساوەکاندا پێشنیاری ئەوە ئەکەن کە چەوساوەکان ئەبێت هەڵ بەزوو دابەز و ، ناڕەزاتی و یاخی بوونەکانیان بەرامبەر بە قەسابخانەکانی سەرمایە ڕێکخەن. خۆیان هۆشیار و  ڕێکخراو کەن، و خۆیان کاروباری خۆیان و کۆمەڵ بەرن بەڕێوە. بەمەش ئەتوانن قەوسەکە بەرفراوان و گەورەکەن. بکەونە کۆنترۆڵ کردن و بەڕێوەبردنی ئابووری. ئابووری لەدەست هێستیریای سەرمایەداران دەربێنن و بیخەنە ژێر دەستی  بەڕێوەبردنی هۆشیارانەی خۆیانەوە. بەهێزی ڕێکخراوبوونی ئابووری و بە هۆشیاری بەڕیوەبردنی خۆیی و بە کۆنترۆڵ کردنی پەرەسەندنی ئابووری بێ ئەزمە ئەم خەباتەی چەوساوەکان بە زۆرو بە خوایشت ئەگات بە شۆڕشی جیهانی کۆمۆنیزم و لەناوبردنی سەرمایەداری!

لە قەوسی سەرمایەدارەکانیشدا، ئەم ئابووری ناسانە پێشنیاری ئەوە ئەکەن، بۆ هۆشمەند و  ڕۆشنبیر و ماف پەروەرو تەکنیشن و بەڕێوەبەرانی سەرمایە ، کە باشترین ڕێگا بۆ دەربازکردنی سەرمایە لە ناکۆکی و ئەزمە مێژووییەکەی بریتی یە لە کۆنترۆڵ کردنێکی هۆشیارانەی بەرهەم هێنان و بازرگانی. ئینجا داهێنانی بەڕێوەبردنێکی یەکسانی کۆمەڵایەتی. بۆ ئەمەش ئەبێت سەرمایە و بەرهەم هێنان و پڕۆژە بەکەڵکەکان بکرێتە موڵک و بەڕێوەبردنی گشتی، و سەرمایەو بوارە ئابووریە بێ کەڵک و وێران کاریەکانیش پاک بکرێتەوەو و وورده وورده بکرێنە سوود بەخش.. بەمەش سەرمایە لە بوونێکی ماددی و بەڕێوەبردنی کەڵەکەبووی چینایەتی ناکۆکەوە( ئینتعاش/ ئەزمە، بیناکردن/وێرانی) ئەبێت بە بوونێکی ماددی بێ چینایەتی بۆ مرۆڤایەتی. سەرمایەداری  لە سیستەمێکی دژایەتی نێوان چەوسێنەران/چەوساوەکانەوە ئەگۆڕێت بۆ سیستەمێکی بەڕێوەبردنی خۆیی یەکسانی هەمووان.  ئەو توانا مادی و بەڕیوەبردن و هۆشمەندیەی سەرمایە کە لەکەڵ ئەم پەرەسەندنەدا ئەڕوات، ئەو  سەرمایەدارە هۆشمەند و کارامەو بەکەڵکانەشی کە خاوەن و بەڕێوەبەری ئەم هێزە پۆزەتیفەی سەرمایەن، ئەمانە لە قەوسی سەرمایە یەنەدەرەو ئەلکێن بە خۆ بەڕێوەبردن و هۆشمەندی ڕێکخراوەیی قەوسی چەوساوە بەرهەم هێنەرو خزمەت گوزارەکانەوە، بە شۆڕشی ئابووری و بەڕێوەبردنی خۆیی بەرهەم هێنەران و خزمەتگوزارانی جیهانیەوە، بە شۆڕشی کۆمۆنیزم و لەناوبردنی سیستەمی سەرمایەداریەوە. ئەم سەماکردنەی ئەم ئابووری ناسان لەناو پڕۆسیسی سەرمایەدا، ئەم بەیەک گەیاندنەی توانا

و داهینانی سوودمەندی سەرمایە بە هێزی کارو بەڕێوەبردنی کرێکاریەوە، پرۆگرام و تێکۆشانی هەموو سۆشیال دیمۆکراتە جۆراوجۆرەکانی پێکهێناوە. گەیاندنی سەرمایەو کار بەیەکتری، لە هۆشمەندی تریین و پووخترین و بەڕێکخراوبوون ترینی شێوەی بەڕێوەبردندا! ئەمەیە ئامانجی بەرزی و قبلەنومای ئەم ئابووری ناسە بە ناو شۆڕشگێرانە. خولانەوە لەناو خودی پرۆسیسی سەرمایە داو لە ناو پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دا و خزمەتکردن بەو پرۆسسیە سەرچاوەی ئیلهام و بیردۆز و پێشنیارە کانی ئەم سوڵح کەرانەی نیوان کارو سەرمایەن. لەبەر ئەوەی سەرمایە و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان و ئاڵ و گۆڕی بەها زاڵ و فەرمان ڕەوایە بەسەر کاردا ،بەسەر سروشت دا، بەسەر کۆمەڵ دا، بەسەر فەرددا،... هەموو پێشنیارو پرۆگرامەکانی ئەم پسپۆڕانە بۆ چاکردن و بەڕیوەبردنی کار و سروشت و کۆمەڵ ئەچنە ژێر ڕکێفی فەرمانی زاڵی سەرمایەوە. ئەبن بە هێزی بەردەوامی و تازەکردنەوەی فەرمان ڕەواییی زاڵی سەرمایە. جائیتر ئەمە نەقابی ، حیزبی، ئیکۆلۆجی ، فیمینیستی، بەڕیوەبردنی خۆییی، شوراییی... یان هەر داهینانێکی تر بێت. تەنها بە ڕاماڵین و تێکشکاندنی بوونی بەها، بە تێکشکاندنی و زاڵ بوونی جیهانی بەسەر سەرمایەو خاوەندارێتدا(نەک ڕێک خستن و بەڕێوەبردنی/ڕاهینان و دەستەمۆکردنی بەرهەم هێنەرانەی) ڕزگاربوونی مرۆڤایەتی لە تواناادا هەیە. هەتا سەرمایە سەر وەربێت کۆمەڵگای سەرمایەداریش بەردەوامە، هەموو هەوڵێکیش بۆ دەستگرتن بەسەر بەرهەم هێنان و خزمەتگوزاریەکاندا بە مەبەستی بەردەوامی دانیان یان ئەبێت کردەوەیەکی سەر بەخەباتی بەردەوامی جیهانی بێت بۆ ڕاماڵین و تێکشکاندن و زاڵ بوون بەسەر سەرمایەدا، کە ئەمەش فڕی بەسەر بەڕێوەبردنەوە نی یە( نەخۆییی و نە نا خۆییی) تەنیا لە تێکشکاندندا نەبێت، یان هیچ نابێت جگە لە شکست و سەرسمدان و ڕاگرتنی خەبات( لە بەڕیوەبردنی خۆییی و دەسکەوت و ئایدیۆلۆجیاکانیدا) و هێنانەوەی سەروەری سەرمایە نەبێت. بانگێشەو پڕوپاگەندەکردن بۆ خەباتی بەڕیوەبردنی خۆییی بەبێ خەباتی تیکشکاندنی سەرتاپاییی سەرمایەو پەیوەندیەکانی بریتی یە لەدەست بڕینی کریکارانی خەباتگێڕ. چەواشەکردن و سەرمایەداری کردن و تێکدانی خەبات و پەرەسەندنی پرۆسیسی خەباتی ئینتەرناسیونالیستی یە. ئامادەکردن و ڕاهێنان و دروستکردنی پەرستگای کرێکارانە بۆ فرۆشتنەوەیان بە سەرمایە لەڕێی ئایدیۆلۆجیای بەڕیوەبردنی خۆییەوە. بانگێشەی ئەوەی کە گوایە شۆڕشی جیهانی پرۆلیتاریا و لەناوبردنی سەرمایەداری جیهانی لە بوونی ئەزمەی قوڵی ئابووری سەرمایەداریەوە دەست پێ ئەکات،( دەورانی ئەم ئەزمانەش لە 10ساڵ و 20ساڵ و 50ساڵ و 100ساڵ داخۆی ئەبینێتەوە و ئەم سەردەمە سەردەمی سەدساڵەکەیەتی و حەتمییەتی کەوتنی ئابووریانەی سەرمایەو شۆڕشی ئابووری کرێکارانی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، تێگەیشتنێکی تێکەڵی ئابووری و ئایینی یە لە ململانێی چینایەتی کە بەزاڵیەتی سەرمایە کۆمەڵگای سەرمایەی پێکهێناوە. وەکو چاوەڕێکردنی هاتنی موحەمەدی مەهدی وایە. تا ئەو نەیەت هەر ئەبێت لە چاوەڕوانیدا سەردانەوێنین و چاو شارکێ بکەیین)، و ڕێکخستنی بەڕێوەبردنی خۆییی ئابووری و بەرهەم هینان و خزمەتگوزاریەکان مەرجی سەرەکی دەست پێکردنی شۆڕشی پرۆلیتاریایە ، بەم شێوەیە کار و ڕێکخستنی کار زاڵ ئەبێت بەسەر سەرمایەدا، کرێکاران کۆتایی بە ئەزمەی سەرمایە دێنن ، لەڕێگەی بوونیان بە بەڕێوەبەری خۆیی سەرمایە، یان ڕاستر سەرمایە ئەبێت

به دەست مایەی ئەوان.. ئەمانە هەمووی سەر بە هەوڵ و پلانی درێژکردنەوەی دەسەڵاتی سەرمایەن. بەرگرتنە بە خەباتی بوون بە مرۆیی پرۆلیتاریا، و هێشتنەوەی کرێکارانە وەک هێزی کار، وەک خزمەت چی ئابووری.. لەم جەوهەرەشەوەیە کە ئەوەی ئەیلێن و ئەیکەن و دای ئەهێنن لەخزمەتی مانەوەی سەرمایەداری و دژایەتی کردنی خەبات و خۆڕێکخستنی شۆڕشگێرانەی پرۆلیتاریادایە دژ بە بوونی کرێکاری، بە سەرمایە، بە ئابووری، .... و بۆ مرۆڤایەتیەکی بێ کار و سەرمایەو خاوەندارێتی و ئابوور ی! بۆ کۆمۆنیزم. کردنی خەبات و شۆڕشی پرۆلیتاریا بە پرۆسیسی بەڕێوەبردنی خۆیی ئابووری, و کۆمۆنیزمیش بە زاڵ بوونی جیهانی ئەم بەڕیوەبردنە خۆییە بەسەر سەرمایەدا، یان پروپاگەندەکردن بۆ ئەوەی کە دەسەڵات و فەرمانڕەواییی سەرمایەداری ئاوا هەڵ ئەوەشێتەوە... ئەمە گاڵتەجاری کردنە بەمێژووی خەباتی خوێناوی چینایەتی و دیکتاتۆریانەی پرۆلیتاریاو بە کۆمۆنە مرۆڤایەتیەکەی.

ئەمڕۆش ئەم ئابووری خواز و تێکۆشەرانەی بەڕێوەبەری خۆییی ئابووری ،بە پروپاگەندەکردن بۆ ئەزمەی سەرمایە و دەورانی ئابووری، هەمان خزمەت بە دیکتاتۆریەتی سەرمایە و گاڵتەجاڕی و چەواشەو سووکایەتی بە خەباتی پرۆلیتاریاوە ئەکەن. وەک دوێنێ چۆن لە گەرمەی پەرەسەندنی خەباتی پرۆلیتاریادا لەعێراق و تونس و میسر.. ئەم ئابووری ناسانە سەهۆڵاوی بەڕێوەبردنی خۆی و دیمۆکراسی و کرێکارچێتیان ئەکرد بەسەر ئەو خەباتە گەرم و گوڕەی پرۆلیتاریادا ، لەبری بانگێشەی بەرفراوکردنی کۆمەڵایەتیانەی خەبات، چەکداربوونی گشتی، ئینهزامی شۆڕشگێرانەی سوپا، لیدان لە ئابووری و بانق و پارە و خاوەندارێتی .. وە بینینی ئەم هێزەش وەک توانای ڕێکخراوبوونی چیناایەتی پرۆلیتاریا، ئەوان ئەهاتن پرۆلیتاریان بۆ شەڕی نێوان ئابووری و سیاسی/ حیزب و ڕێکخراوی کار/ دەست نەبردن بۆ سەر ئابووری و پارە / چەکدارنەبوون( جگە لە "لەسەرخۆ و بە هێمنی پێکهێنانی شواری بەڕێوەبردنی خۆیی!"... ئاراستە ئەکرد. ئەمڕۆش لە گەرمەی هێرشی بە هۆشمەند و بە پلان و گەشاوەی سەرمایەدارانی جیهانی دا ئەوان دیسانەوە لە قنەوە لغاوی ئەکەن. دوور لە هەموو تێگەیشتنێکی شۆڕشگێڕانەی چینایەتی ئەوان دێن ئەم هێرشەی سەرمایە لێک ئەدەنەوە و پروپاگەندەی بۆ ئەکەن. ئەم هێرشەی دیکتاتۆریەتی سەرمایە بۆ سەر مرۆڤایەتی، بۆسەر ژیان، بۆ لەپەل و پۆخستنی خەباتی پرۆلیتاریا، ئەم دەست درێژیە تۆتالیتاریەی بەها بۆ ناو ناخی مرۆڤ و بۆ سەر هەموو پێویستیەکانی ژیان... ئەمانە بە ئەزمەی ئابووری و مونافەسەی نێوان دەوڵەتەکان و شێتگیری نەبوونی قازانچ .. لێک ئەدەنەوە و لەگەڵیا ئەڕۆن. ئەمەش بە خەباتی شۆڕشگێڕی و مارکسیزمی ڕەسەن و کۆمۆنیزم پێناسەئەکەن و بە پرۆلیتاریای ئەفرۆشنەوە!

لەبەر ئەوەی ئەم هێرشە تۆلیتاریەی سەرمایەمان بۆ دەستگرتن بەسەر ژیان و مرۆڤایەتی و تێکشکاندنی دا لە نووسراوەکانی پێشووماندا بە چەندین زمان شکردۆتەوە لێرەدا دووبارەی ناکەینەوە، تەنها ئەوە ئەڵێین کە دەستبەسەری و لەیەکتر دوورخستنەوەو بڕینی هاتووچۆ و گوشینی بەرهەم هێنان و بەکارهینان و دەم هەڵ بەستن و ڕسواکردنەکانی تر ئەزمە نی یە بۆ سەرمایەداری بەڵکو ئینتعاشە، ئەزمەیە بۆ مرۆڤایەتی! دەوڵەت بەهێزە، سەرمایە زاڵە، یەکگرتووە و خۆی ئەسەپێنێت.چەوساوەکانە کە بەم دەستدرێژیە یەکگرتووە ئینتعاشیەی

دەوڵەت چەککراون، داپڕاون، لێ دراون، برسی کراون، لە سەرجادەکان دوورخراونەتەوە، تێک شکێنراون... بەرەو کۆیلاتی زیاتر و لەناچوون پاڵ پێوە ئەنرێن. بەڕێوەبردنی خۆی لە باشترین و تۆکمەترین ئاوو هەوایدا هەرگیز توانای ئەوەی نی یە کە نە سەربەخۆ بیت لەم تۆتالیتاریەت و سەربازگەریەی بەهاو نە پەنجەشی بۆ بەرێت! گاڵتەکردنە بەخەبات. خۆ هەڵ خەڵەتاندنە... لەکاتێکدا کە ئەم هێرشە دەست درێژی و داپڵۆسین و شاڵاوەکانی لەزیاد بوون و تووندو تۆڵ تردایە بانگێشەی پڕۆلیتاریا بۆ بەڕێوەبردنی خۆی(کام خۆی یە؟ چی لەژێر دەست دا مەوە؟!)، لەبری لێدان لە ئابووری، لە بانق، چەکداربوونی گشتی، هاتنەدەرەوە لە کرێکاری و فەرمانی کار( ماکو دوام حتی اسقاط النضام ) ، کۆنتڕۆڵ کردنی سەرچاوەکانی ووزەو هاتوو چۆ و...، کە ئەمانە هەمووی لێدان ئەبێت لەهەموو بنەماکانی دەسەڵاتی سەرمایە و لە لاوازیەکانی ناو پڕۆلیتاریا خۆشی لە یەک کاتدا، وە پڕۆلیتاریا ئەبات بەرەو بەرفراوانی خەبات و دەنگدانەوەی جیهانی و یەکگرتنی چینایەتی لەسەر بنەمای مرۆڤایەتی و دژایەتی سەرمایەو خاوەندارێتی و بەردەوامی خەباتی ئینتەرناسیونالیستی بۆ شۆڕشی کۆمۆنیزم، نەک بەڕێوەبردنی ئابووری..

بەدەم هەڵ بەستن و دەم داخستنمان دیکتاتۆریەتی بەها هەم لە خۆمان و هەم لەیەکتری و لە سروشتی داپڕین و بێ بەشی کردووین و چەمانووينيەتەوە بە ناو خۆماندا. نایەڵێت ڕەنگوو ڕوو، هەناسە و لەزەتمان بەیەکتری و بە سروشت بگات و هی یەکتری و سروشتیشمان بەر کەوێت ، ئەمەش بەرگرتنە بە بوون و گەشانەوەی ژیانمان. بەڵام ئەمە تەنها سەرەتای ئەم دەست درێژیەیە. هەنگاوی داهاتووی ئەم دیکتاتۆریەتە بریتی ئەبێت لە چاوو بەستنەوەو فلتەری بەها خستنە ناو کۆممانەوە ، بۆ ئەوەی پاشەڕۆکەکەمان لەناو خۆماندا تاوو توێ بکات و ئەوەی قووتی ئەدەیین بەکۆنتڕۆڵ کراوی ئامادەبکرێت بۆ هاتنەدەرەو لەناو خۆماندا ژەهرەکەی هەڵلوشینەوە و داودەرمانی بۆ بەکار بێنین و ئەوەی یەتە دەرەوە بە فلتەر بێتە دەرەوە و "ژینگە پیس نەکات"! لەسەرەوە تا خوارەوە، لە هەڵمژین و خواردنەوە تا پاشەڕۆک کردن، لە ژێر ڕکێفی فەرمانی زانست و تەکنەلۆجیاو پزیشکی و دەستەمۆکردنی سەرمایەدا بێت. لەبری بووژانەوەو هەست بەخۆکردن و بە ژیان لەناوەوەو لە دەرەوە و بەهێزی مرۆڤایەتیمان ، بەمەش ڕازی نەبوون بە بێ ژیانی و یاخی بوون لە ڕکێفی سەرمایە، لەبری ئەوە هەرکەس بۆ خۆی بە سیستەمەکەوە بەسترابێتەوەو فریای قنی خۆشی نەکەوێت...

فاشن ئەوەتەی هەیە، جگە لە وەی بوارێکی گەورەی بازرگانی بووە، تێکدەر و شێوێنەری سروشتی مرۆڤ بووە. مرۆڤەکانی نا سروشتی و بێ هەست کردووەو ئەمەشی کردووە بە ڕازاندنەوە و جوانی و دیکۆر بۆیان، هەروەها بازاڕیەت و فەردیەتیشی برەوپێداوە، ڕووی چەوساندنەوەو نامۆییی سەرمایەی بۆ ژیان ڕازاندۆتەوە و بریقەداری کردووە... ئەمڕۆش فاشن کردن و هەمەجۆرکردن و داهینان لە دەمامکەکاندا، وەک شیرن کردنی داوو دەرمان، وەک عەبا و پەچە جوانەکانی کۆیلەیەتی ژنان، وەک ڕیکلام کردن و لە پاکەت کردنی جوانی خواردنە ژەهراویەکان... درێژکردنوەی هەمان فەرمان ڕەوایی سەرمایە و نامۆبوونی مرۆڤایەتی یە..

## 2- پاکانەکانی سۆشیال دیمۆکرات

بە پێی پەیرەو و پرۆگرامی "ئیشتراکی خەیالی و ئیشتراکی زانستی" مارکسیزم ، سەرمایەداری دوو لایەنی هەیە: لایەنی بابەتی و لایەنی زاتی. لایەنی بابەتی لایەنێکی کوێرانەی ئابووری یە و لایەنی زاتش لایەنی هۆشمەندانەو سیاسی فەرمان ڕەوایی، یان دەستگرتن بەسەر کوێرانەیەکەی لایەنی بابەتی دایە. لایەنی بابەتی بزووتنی خودی سەرمایە خۆیەتی و مونافەسە و پەرەسەندنی بەرهەم هێنان و بەرزوو نزمییەکانی ئەزمەو ئینتعاشی سەرمایەی لەخۆگرتووە. لایەنی زاتی، جگە لە ژیان و هەڵسوکەوتی سەرمایەدارەکان، پلان و دراسەو پێشنیارو پرۆگرامی بەڕێوەبردن و جۆری فەرمان ڕەواییەکانیشی لەخۆ گرتووە. هەمووهەوڵ و کۆشش و پرۆگرامی سۆشیال دیمۆکراتە مارکسیست و نا مارکسیستەکان بەدوای دەست بەسەراگرتنی، یان کەمکردنەوەی، ئەم هێزە کوێرانەیەی لایەنی بابەتی سەرمایەوەن. لێرەدایە کە لەگەڵ هەردوو پەرەسەندنی خودی سەرمایەو برەودان بەسەرمایە، لە لایەک، و لەگەڵ هۆشیاری دەست بەسەراگرتن و بەڕێوەبردن و فەرمانڕەوایی زاتی سەرمایەدا هاوبەشن. لە خۆیان و لە سیاسەت وپرۆگرامەکانیاندا هەردوو ئەم بوونەی پرۆسیسی سەرمایە ، بەزۆر و بە کەم، پێکەوە گرێ ئەدەن. لینینزمیش کۆنترۆڵ کردنی لایەنی بابەتی سەرمایەیە لە ڕێی لایەنی زاتی ئیشتراکی زانیستی و رێکخستنی کرێکاری و دەستگرتن بەسەر دەوڵەت و ئابووری دا. .

بەپێی ئەم مارکسیزمیانە لایەنی بابەتی هەمیشە بنەمای لایەنی زاتی یە، و لایەنی زاتی لەسەر لایەنی بابەتی وەستاوە. وەک بینای تەحتی و بینای فەوقی .... لایەنی بابەتی یە کە لێخوڕی لایەنی زاتیە، نەک بە پێچەوانەوە. مونافەسەی نێوان کەمییەی سەرمایەکانە لە بەرهەم هێنان و لە ئاڵ و گۆڕدا کە سیستەمی سەرمایەداری لێ ئەخوڕێت و بەڕێوە ئەبات ، نەک بەرژەوەندی زاتی و چینایەتی و دووربینی سەرمایەدارەکان.

ئەمڕۆ گروپەکانی وەک بەربەری ، ئای پی ، کلاس وۆر... بە ڕاستەو خۆ و ناڕاستەخۆ ئەمە دەر ئەبڕن و لێرەوە تێروانیین و پێشنیار ئەکەن بۆ ئەمڕۆی سەرمایەدرای. بەدوای لایەنی بابەتی ئابووربی یەوە کەوتوون و بەپێی تێگەیشتنەکانیان ئەم لایەن ئابووریە لە ئەزمەی خۆیی دایە و ئەوەی ئەیکات هیچ دەسەڵاتی لایەنی زاتی سەرمایەدارەکانی تیا نی یەو ئەیەوێت لەو ئەزمەیە تێپەڕێت و لایەنە زاتیەکە(سەرمایەدارەکان) لە گەڵیا پاڵ پێوە ئەنێت. ئەبێت پرۆلیتاریا ڕەخنەکانی لە وێوە بکات و دوای ئەو لایەنە بابەتی یە بکەوێت . نووسینەکانی هەردوو گروپی بەربەری و ئای پی بە ڕوونی باسی ئەمە ئەکەن. سەرنجیش پەڕەگرافێکی لەم بابەتەی بۆ ناردووین. باسی ئەوە ئەکات کە جەوهەری سەرمایەداری لەسەر مونافەسە ی ناو خۆیان وەستاوە و جەوهەری نووسینەکەی ئای پی سەر پاندامیکی سەرمایەتان بۆ شی ئەکاتەوە کە وای ئەبینێت پاندامیک بابەتی مەوزوعی خودی سەرمایە خۆیەتی و ئەیەوێت خۆی لە ئەزمە دەرباز کات.

بەپێی ئەم لایەنی بابەتی تێروانینەی سەرمایە، هەتا سەرمایە بتوانێت ڕێچکەی بابەتی خۆی بەردەوامی پێ بات ئەوا سیستەمی سەرمایەداری بەردەوام ئەبێت. هەردوو لایەنی زاتی پرۆلیتاریا و لایەنی زاتی سەرمایە ئەبێت دوای کەون. شۆڕش تەنها کاتێک دێت لە لایەنی بابەتی سەرمایە خۆی بوەستێت، نەتوانێت بژی، نەتوانێت خۆی

تازەکاتەوە.. ئەوکاتە هەردوو لایەنی زاتی پڕۆلیتاریا و بۆرجوازیەت ئەیەن بەیەکدا بۆ دەست بەسەراگرتن و کۆنترۆڵ کردنی سەرمایەی ڕاوەستاو( هێزەکانی بەرهەم هێنان، هێزی ئابووری، کارگەو دام و دەزگاکان....)، یان لەسەرمایەی خنکاو لە ئەزمەدا..

**بڕوخێت ئابووری، بڕۆخێت هەموو جۆرە خاوەندارێتی و بەڕیوەبردنێکی بڕوخێت دەست بەسەری**

**بڕوخێت فاشن، بڕوخێت فەرمان ڕەوایی سەرمایە... بژی خەباتی چینایەتی و مرۆڤایەتی پڕۆلیتاریا**

**بژی کۆمۆنەی مرۆڤایەتی بێ ئابووری و خاوەندارێتی و هێزی کار و بەڕێوەبردنەکانی..**



*“the explosion that damaged half of the city of Beirut. the explosion of 2,750 tons of ammonium nitrate stored for years in the port of Beirut, The explosion of August 4, 2020 is a premeditated murder committed against the people. So there are those who planned, those who executed, those who benefited, and those who are now justified. From the “...revenge against the regime" By Anonymous.*



***August 2020 Lebanon***

**INTERNATIONALIST PROLETARIANS: PRACTICAL DEMARCATION**

## پڕۆلیتاریا ئینتەرناسیونالیستەکان: بەرپەرچدانەوەیەکی بەکردەوە

لە خەباتی دژ بە فەرمانڕەوایی نوێی جیهانی، دژ بە دەست بەسەری و دەم هەڵ بەستن، پڕۆلیتاریا شۆڕشگێڕەکانی سەر بە ناوچە جۆراوجۆرەکان لێرەدا ئەوە ڕائەگەیەنن کە لاپەڕەکەو بلۆگەکەی (pi.org) (proletarian-internationalist org)، کە ماوەیەک لەمەوبەر ئێمە پێکمان هێنابوو، ئێستا چی تر نوێنەرایەتی ئێمە ناکات. بۆ؟

چونکە بەڕێوەبەرانی ئەم لاپەڕە یە ، هەڵ نەسان بە بڵاوکردنەوەی ڕەخنەگرتنەکانی ئێمە، هەروەها نە لەگەڵ بانگەوازە ئینتەرناسیونالیست و ئینتەرناسیونالیزمیەکانی ئێمەدا هەنگاویانا، وە نە ئەو بانگەوازانە ی ئێمەشیان بڵاوکردەوە کە هانی خەباتکردن ئەدات دژ بە فەرمانڕەوایی نوێی کۆیلایەتی جیهانی.

نە خۆیان هەستان بە ڕاگەیاندنی بانگەوازی دژ بە دەست بەسەری مرۆڤایەتی و دەم داخست، و نە بەدەم بانگەوازەکانی ئێمەشەوە هاتن دژ بەم دەست بەسەریە.

هەر وەکو ئەو ڕەخنەیەی کە ساڵێک لەمەوبەر لەم لاپەڕەیە گیرا لەلایەن دەستەکانی هێلەک زەردەکانەوە لەسەر هەڵوێستی سۆشیال دیمۆکراتیان ، لەسەر بابەتی "پەتا"ش ئەم لاپەڕەیە، بەهەمان شێوە ، هەمان **هەڵوێستەکانی سۆشیال دیمۆکراتی جیهانی گرتۆتە بەر** .

لەجیاتی ئەوەی بێت پەردە لەسەر ئەم هێرشەی بانکڕۆسیسی جیهانی ( النظام المصرفي العالمي) لە دەست بەسەری کردنی مرۆڤایەتی و دەم قەپاتکردنەکەی هەڵماڵێت و تفی لی بکات، هاتووە پاندامێکی وەک "واقعی" سەرمایە قبووڵ کردووە(" پاندامیکی سەرمایە/پەتای سەرمایە)، بەمەش درۆ هەڵبەستراوەکەی دەسەڵات ئەڵێتەوە، و بەرهەمی دێنێتەوە وەکو ئەوەی شتێکی ڕاست و مەوزوعی بێت.

لە بری ئەوەی کە هەستێت بە پەردە هەڵ مالین و ڕسواکردنی تێک و پێکدانی ئابووری حەقیقی لە لایەن ئەم هێرشەوە، وەکو ئەوەی کە چۆن بەشێکە لە پلانی جێ بەجێ کردنی **فەرمان ڕەوایی کۆیلایەتیە نوێکە** و دەسەڵاتی بانکرۆسی جیهانی، ئەم لاپەڕەیە دێت و پڕوپاگەندە ئەکات بۆ درۆ و دەلەسەکانی دەسەڵات، ئەو درۆ و دەلەسانەی کە باشترین بیانووی خۆ حەشاردانی لە تەندروستی و ئەزمەی ئابووری دا دۆزیوەتەوە.

ئەم لاپەڕەیە لەبری ئەوەی کە هەستێت بە ڕسواکردنی تەڵەکەبازی سیاسی ئەم شاڵاوەو نیمچە بەکۆیلەکردنەکەی، دێت بەرگری لەدەسەڵاتی دەوڵەت ئەکات و ناڕەزایەتیەکانی دەوڵەت سەبارەت بە تەنگەبەری و "ئەزمە" ئەجوێتەوە.

ئێمە لێرەدا و لەم لاپەڕە تازە ئیتەرناسیونالیستیەماندا هەڵ ئەسین بە بڵاوکردنەوەی هەندێ لەو ماددانەی کە هاوڕێیانی گروپە شۆڕشگێڕ و ئینتەرناسیونالیستە جۆر بەجۆرەکان ئامادەیان کردووە وەک

بەرپەرچدانەوەیەکی بەکردەوە دژ بەم ئابڵوقەدانە، لە گەرمەی بەر بەرەکانێی سەر شەقامەکاندا، بە کردەوە دژایەتی دەم کوتکردن و دەست بەسەربە ئەکەن و  هەڵوێستەکانمان ڕائەگەیەنن، بە کردەوە ڕێگای دەربازبوون لەم سەرلێشێواویە زاڵە ئەگرنە بەر.

شان بەشانی ماددەکانی خەباتی ڕاستەوخۆی هەر یەک لەم گروپانە و لەگەڵ  تەنسیق کردنی ئەوەی کە کۆی ئەکەینەوەو بەرهەمی دینێن لە خەباتەکان و زنجیرەی ڕوداوەکاندا ( لەم ڕووەوە سەیری ئەو چەندین بەیان و بڵاوکراوانەو... بکە کەم لەم لاپەڕەیەدا بە چەندین زمان ڕاگەیەنراوە دژ بە دەست بەسەری، بۆ ڕسواکردنی دیکتاتۆریەتی پاک و تەمیزی، و لەسەر خەباتە ڕستەوخۆکانی یەکی ئایار..)، لێرەدا ئینتەرناسیونالیست و شۆڕشگێڕەکان زۆر بەڕوونی هەڵوێستەکانی دژ بەو سەرلێشێواویە گشتی یەی کە پی ئای، ئورگان( proletarian-internationalist org) گرتوویەتیەبەر ڕا ئەگەیەبنن و یەکلای ئەکەنەوە.

تا ئێستا ئەوە دیار نی یە کە ئایا ئەم لاپەڕەیە و بەڕێوەبەرەکانی دژ بە دەم داخستنن یان نا، دژ بە دەست بەسەرییین یان نا، دژ بە فەرمان ڕەوایی نوێن یان نا...، یان بڕوایان بە بوونی ڤایرۆسەکە، بە بڵاوبوونەوەیی و بوونی پاندامیک، هەیە یان نا.. وە ئەوەش دیار نی یە کە ئایا  ئەوان گەڕان بەدوای هۆکارەکانی تێکشکاندنی ئابووریدا  بە هەولێکی هیچ و پوچ ئەزانن یان نا..

ئەم یەکلاکردنەوەیەمان شتێکی سادە نی یەو  پرۆسیسێکی گرانە لەسەرمان لایەکەوە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا پێداگرتنێکی بێ ئەملاو ئەولاو و دووپاتکردنەوەیەکی بەهێز و ڕوونی بوونە پرۆگرمیەکەمانە.

ئەم بواری خۆڕێکخستن و لاپەرە نوێیەمان هەر وا بەکراوەیی ئەمێنیتەوە، چونکە تا دێت زیاتر و زیاتر پێکهاتە ئینتەرناسیونالیستەکان خۆیانی تیا ئەبیننەوەو  پەیوەندی پێوە ئەکەن و  خۆیانی تیا ڕێک ئەخەن و پەیوەست ئەبن بە هەڵوێستەکانمانەوە دژ بە فەرمانڕەواییی نوێی جیهان.

https://www.proletariosinternacionalistas.com/
pinternacionalistas@riseup.net

# AGAINST SLAVERY AND FALSE CRITICISM OF CAPITALISM IN GENERAL (I)

*By Silvia Almería, proletariosinternacionalistas.com* 02.AUG.20

PostaPorteña 2133

## دژی کۆیلایەتی و ڕەخنەی ناڕاست لەسەر سەرمایەداری بەگشتی

بەشی یەکەم

کاتێک کە لەسەرەتای 2020 دا ، بانکۆکراسیەکانی جیهان هەستان بەو پەلاماردانە هەرە گەورەیە دژ بە مرۆڤایەتی کە لەڕابردوودا وێنەی نی یە، بە پێکەوەنانی سیستەمێکی گشتی تیرۆر کە بە "پەتا" ناوی ئەبەن، بە داهینانی ڤایرۆس و داو دەرمان بۆی، شەیتان و خوا، ئاماری تووش بووان و مردووەکان، شانۆگەریە تەلەفیزۆێنیە هەڵ بەستراوەکان و هەواڵە درۆ و دەلەسەکان، بڕو بیانووی ساختەچیانە بۆ ئەوەی بتوانن لەماڵەوە سجنمان کەن، داپلۆسین و دەم هەڵ بەستنی بلوێنەهامان، لەم کاتەدا ئێمە ژمارەیەکی زۆر کەم لەوانە بوویین ، بەپێچەوانەی شەپۆلی زاڵەوە، کە پەردەمان لەسەر ئەم گشتی کردنەوەی زیندانی کردنەی ژیانی مرۆڤ هەڵدایەوەو دەستمان خستە سەر بوونە ڕاستەقیینەییەکەی: ئەم پەلامارە هیچ پەیوەندیەکی بە مەسەلەی پەتاوە نی یە، بەڵکو هێرشێکی سیستەماتیکی بە ئەنقەست و هۆشیارانەی بانکۆکراسی جیهانیە دژ بە بوونە مرۆییەکان ، بۆ بەکۆیلەکردنی مرۆڤایەتی و تێکشکاندنی ئەوەی کە مرۆڤە.

ئێمە، هەر لەیەکەم ڕۆژی دست بەسەری و دەم داخستنەکەوە، بەروونی و بە پێچەوانەی هەموو ئەو پڕۆپاگەندانەی کە میدیاکان بڵاویان ئەکردەوە، ئەوەمان نیشاندا کە ئەم هێرشە ئەوە نی یە کە شتێکی کاتی بێت بۆ بڕینی هاتووچۆ و بەیەک گەیشتن و گفتوو گۆ و هەناسەدانی ئازادی بوونە مرۆییەکان و زیندانی کردنمان بۆ ماوەیەکی دیاری کراو، بەڵکو داسەپاندنێکی کارامانەی **فەرمانی نوێی جیهانە**، هەر وەک پڕۆلیتاریاکانی لە خەباتدا، بە پلەی سەرەکی چاکەت زەردەکان، پەردەیان لەسەر هەڵ ماڵی و ڕسوایان کرد لە 2018/2019 دا (1)، ماوەیەکی دوور و درێژە داڕێژراوەو چنراوە بە شێوەیەکی زۆر ووردەکارانە لەلایەن دەستەی مالی جیهانەوە( النخبة المالية العالمية). ئەو وێرانکاریەی کە لەسەر ئاستی گۆی زەوی ئەکرێت بۆ ئابووری فعلیی، بۆ پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان و هێزە بەرهەمهێنەرەکانی بەهای بەکارهاتوو لەلایەن مرۆڤەوە، دابەزاندنی ئابووری، ڕاماڵینی بلوێنەها لەو "ئیش" ە سەرەتاییانەی کە شێوەیەک بوون لە دابینکردنی ژیان، گێتی بوونەوەی دارایی( the universal FINANCING) ، ئەمانە هیچیان لەبەر ئەوە نی یەکە" سەرمایەداری لە ئەزمەدا"یە وەک دەسەڵات پێ مان ئەڵێت، بەڵکو بەشێکی سەرەکی یە لە بە جێهێنانی سەپاندنی فەرمانە نوێ یە پلۆتۆکراتیەکە( فەرمانی هەرە دەوڵەمەنەکانی جیهان).

لێرەوە بوو کە ، هەر لە یەکەم ساتی بەناو پاندامیکەوە، ئێمە هەستایین بە بەکارهێنانی دەربڕینی" دەست بەسەری مرۆڤایەتی" و پەردەمان لەسەر ئەوە لادا کە پلۆتۆکراتیستی جیهانی مەبەستێتی لە سەپاندنی "دەم هەڵ بەستنمان"، نەک وەک شتیکی کاتی، بەڵکو بۆ هەتا هەتایە.

ئەوەمان بەڕوونی ڕاگەیاند, لەدەرەوە و بە دژی، کە هیچکام لە "پێوانە و ڕۆڵەکانی لەیەکتری دوورخستنە وە" ( وە ئەوانەشی کە پێی ئەوترێت " بەربرستیە تەندروستیەکان") بۆ مەبەستی تەندروستیانە نی یە، بەڵکو بەراستەوخۆییی پێوانە و ڕێوڕەسمی جەنگی دژ بە مرۆڤایەتیین، چونکە وویست و مەبەستکەیان بریتی یە لە ماڵی کردن و سەرکوتکردن و بەکۆیلەکردنی مرۆڤ. جینۆساید و بە بانکی کردن، بۆ هەتا هەتایی داخستنی ئەو چالاکیانەی کە بەرەڵاو لەژێر ڕکێفی بانکدا نیین، دابەزاندنی دەسکەوتی سەرمایەی پیسەسازی بە بەرژەوەندی بەرزکردنەوەی دەسکەوتی سەرمایەی بانکی، ئەمانە شان بەشانی یەکتری ئەڕۆن. هەموو شتەکان داشکێنراوەتەوە بەلای بەرهەم هینانی ( ساختەو بێ شوماری) پارە لە لایەن بانکەکانەوە، هەمووشی دژە بە ژیانی مرۆڤ و بە بەرهەمهێنانی ئەوەی زیندووی ئەدات بەژیان( بەرو بووم و مەروماڵات و پێویستیەکانی ژیان..).

هەر بەهەمان شێوە، ئێمە لە تەعبیرکردنە جۆراو جۆرەکاندا لە خەباتەکەمان( لە بەیاندا، لە کردارەکانی سەر شەقامەکاندا، لە خۆپیشاندانەکاندا، لە بلۆگ و لاپەڕە ئینتەرنێتیەکاندا...) هە ستاویین بە ڕیسواکردنی هەر یەک لەو پێوانانەی دیکتاتۆریەتی تەندروستی کە هەن ، لە گەڵیشیا هەمیشە ئەوەمان نیشان داوە، کە هەموو ئەم پێوانە تەندروستیانە کە گوایە بۆ دژایەتی کردنی بە ناو "ڤایرۆس"ە، هەر هەمووی ژەهرن، ئیشیان ژەهراوی کردن و تێکشکاندنی سیستەمی بەرگری و تەندروستیانەی بوونی مرۆڤن.

ئەوەی کە نەخۆشی و لەناو چوون ئەخاتەوە ، ئەوە ڤایرۆس نی یە، بەڵکو ژەهراوی بوونەکەیە، پیس بوونی ژینگەیە، نەبوونی هەوا ، ئاو ، و زەوی و زاری پاک و بەکەڵکە ... وە زۆر بە دڵنیاییەوە هەموو ئەو پێوانانەی کە بە هان ئەدرێت و ئەسەپێنرێت لەڕیی زۆرداری زانیستی پزیشکی یەوە، هەر هەمووی بە شێوەیەکی سەنتراڵی دانراوە و بڕیاری لەسەر دراوە لەلایەن دەوڵەتی مەرکەزی نهێنی یەوە ( لە لایەن حکومەتی گوێرایەڵ و پابەند بە بانکرۆسی جیهانی یەوە ، کە ڕێکخراوی تەندروستی نێودەوڵەتی( WHO ) ڕووە شەعبی یەکەیەتی).

ئەگەر لەڕووی مێژوویەوە سەیری کەیین ئەوەی کە تەندروستی شێواندووە و تێکی داوە ئەوە ژەهراوی بوونی پەیوەندیە کۆمەلایەتیە سەرکوتکەر و چەوسێنەرەوەکانە، برسێتی، داماوی، هەوای پیس، پیس بوونی ئاوو و زەوی تێکدراوە بە قازانجی سەرمایە، هەموو ئەو پێوانانەی کە، بە بیانوی بوونی پەتاوە، لە 2020 یشەوە ئەسەپێنرێن، لە لایەن دەوڵەتی مەرکەزی زاڵەوە ( ئەو دەوڵەتەی کە هەموو ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەرئاستی گۆی زەوی بەڕێوە ئەبات)، هەمووی تێکدەری ڕاستەوخۆی ئەمڕۆ و سبەینێی تەندروستی مرۆڤن. ئەوەی کە ژیانی مرۆڤ و تەندروستنەکەی تێک ئەدات ئەوە نەبوونی باوەش و خۆشەویستی جەستەیی و بەتەنگەوە هاتن و فریاکەوتنی یەکتری یە، ئەوە جیاکردنەوەو دوورخستنەوەی مرۆڤەکانە لە یەکتری، ئەو شڵەژانەیە کە دەزگانی

راگەیاندنی نێودەوڵەتی خولْقانوویانەو بڵاوی ئەکەنەوە بۆ سەرلێشواندنمان، جیاکردنەوەی پیرەکانە، هینی منالّەکان، هی بێ خانەو بەرەکان، هی بێ توانا و داماوەکان، "ئەوانەی تر"... ( (المقصورات المانعة لتسرب الماء في الأحياء والأحياء اليهودية!), دەم و لووت هەڵ بەستنە، کە نایەڵێت هەناسە بەیین، نایەڵێت یەکتری بناسینەوە، چاوومان بە یەکتری بکەوێت، قسەو ماچ و مووچی یەکتری بکەیین... ئەو دابەشکردن و لێک جیاکردنەوە دڕندانەییەیە کە ئەکرێت لە نیوان جەستەکاندا... لەپاڵ ئەمانەشدا بێ گومان ڕسواکردنی ئەو دەست بەسەریەی کە سەپێنراوە بەسەر پیرەکان لە پیرخانەکاندا و لانەوازەکان لە پەناگاکاندا ... ئەوەی کە بە جارێک چەندەها ژیان و زیندوو بوون وێران ئەکات ، و ئەیخەنە پاڵ "پەتا"، ئەوە ئەو ترس و لەرزەیە کە هانی ئەدەن، ئەو دەست بەسەریەیە کە سەپاندوویانە، خلّەفاو بوون و تیکچوونە بەهۆی لەیەکتری جیاکردنەوەوە، ئەو دیپرێشنەیە کە لە یەکتری دابڕین و ترس لە یەکتری هێناویەتی.

ئەو تیرۆرەی کە بە شیوەیەکی سیستەماتیک داهێنراوە ، لە لایەن دەسەڵاتی پارەوە، بە ناوی تەندروستی یەوە تەبریر ئەهێنیتەوە بۆ قەپات کردنی هەموو چالاکیە مرۆییەکان، بێ گومان، جگە لەو بوارانەی کە بەردەوامە لە بەرهەم هێنانی زیدەبایی بۆ هەمان ئەو ئۆلیگارکیەی کە فەرمانرەوایی جیهان ئەکات. هەر حکومەتە لە جێی خۆیەوە قەدەغەی ژیان و بەرهەم هێنانی پێویستیەکانی ژیانی کردووە لە ناوجەکەی دا. بەشە بەرهەم هێنەرەکانی خواردن، کشتووکاڵی و پیشەیی، چالاکیەکانی دەرەوە و گەیشتنی مرۆڤەکان بەیەکتری.. هەمووی تێک شکینراوە.

لە ڕێگەی خستنە ئیشی ئەو شڵەژانەی کە چنراوەو بڵاوکراوەتە و تاو ئەدرێت لەلایەن میدیا و حکومەتەکانەوە، سادەترین چالاکیە کۆمەڵایەتی و هاوبەشیەکان بە ئەنقەست و بە هۆشمەندانە لەناو براون. بەیەک گەیشتن، کۆبوونەوە، دەمە تەقێ، زەوق و سەیران.. هەمووی قەدەغەو تەسک کراونەتەوە. ئەمە لە کاتێکدا کە بلوێنەها و بلوێنەها لە جۆرەکانی پارەو کریدیت دەرکراوەو خراوەتە ئیش بۆ تەسلیم کردنی هەموو جیهان بۆ ژێر ڕکێفی دیکتاتۆریەتی دارایی و بۆ بەدەست هێنانی قازانی سەرمایە ڕاستەو خۆ لەڕێگەی بانکەکانەوە( زەریبە، سوو، باج، سەرانە،...) لەو بوارانەی کە لەوەبەر بانق نەیتوانی وە کە بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و سەربەخۆیی خۆیان هەبووە و / یان شێوەی ڕەش قاجاخیان هەبووەو پێویستیەکانی مرۆڤیان دابین کردووە.

لە بەشەکانی تری ئەم زینجیرە نووسینەدا، ئێمە هەوڵی ئەوە ئەدەین، کە بە باشترین ئەو شێوەیەی کە بۆمان ئەکرێت، هەڵوێستە ئینتەرناسیونالیستیەکانی پرۆلیتاریا بخەینە ڕوو، بەمەش بە شێوەیەکی بەکردەوەیی خۆمان دوورخەینەوەو بیچڕین لە ڕەخنەی درۆیینە لە " سەرمایەداری بە گشتی"، ئەو ڕەخنەیەی کە لە ڕاستیدا خۆی ئەکاتە تەواوکەری دەسەڵاتی پلۆتۆکراسی جیهانی و ئەو فەرمانڕەواییە تازە جیهانەی سەرمایە کە ئەیسەپێنن.

وەک وەڵامدانەوەیەکی دەست بەجێ بەڕووی ئەم پەلاماردانە ڕقاوییەی بۆرجوازیەت دا.. پرۆلیتاریای ئینتەرناسیونالیست، ئەم دروشم و ئاسۆیانەی خەبات ڕائەگەیەنێت:

**- دژ بە دەست بەسەری و  هەموو پێوانە جۆر بە جۆرەکانی( مل کەچی، دوور لە یەکتری، خۆ داپۆشین، سەرشۆڕی و دەستەمۆیی بۆ دەوڵەت...)**

**- دژ بە بۆرجوازیەت و هەموو دەوڵەتەکان لە هەموو شوێنەکان**

**- دژ بە بانکرۆپتیسی و حکومەتە جیهانیە فەرمان ڕەواکەی**

**- بۆ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی جیهانی**

پڕۆلیتاریا ئینتەرناسیونالیستەکان (2)          INTERNATIONALIST PROLETARIANS

---------

1-بێ گومان، بەدەر لە ئینتەرناسیونالیزم و گرنگی ئینتەرناسیونالیستیانەی خەباتی هێلەک زەردەکان، لەڕووی ژمارەو چەندایەتیەکەیەوە لەسەر ئاستی گۆی زەوی کە تیادا بەهێز بوو( زیاتر لە پەنجا وولات لە هەموو قاڕەکاندا)، لێرەدا پێویستە کە باسی  گرنگی  پڕۆگراماتیکی  ئەم بزووتنەوەیە بکەیین لەوەی کە بەتایبەتی هەستا بە گشتی کردنەوەی خەبات دژ بە دەسەڵاتی بانقەکان و ئۆرۆستۆکراسیەتی دارایی(مالی) و بیناکردنی  "فەرمانە نوێ یەی جیهان"ەکەیان لەسەر بنەمای سەروەری پارە( بەرهەم هێنانی(دەرکردنی) پارەی فیاتی بێ سنوور) و تێک و پێکدانی  چالاکی و بەرهەم هێنانە مرۆییەکان.  بۆ ئەم بابەتە بڕوانە کۆمۆنیزمی ژمارە 69  ( گروپی کۆمۆنیستی ئینتەرناسیونالیست) کە ، لە لایەکی ترەوە، ئەوەی ئاشکرا کرد کە زیادکردنی ڕێژەی چەوساندنەوەی جیهانی ( زیادبوونی زیدەبایی و دابەش بوونی بەسەر ئەوانەی کە گۆی زەوی تێک ئەدەن و ئێمەی لێ بێ بەش ئەکەن )و بەرهەم هێنانی بەهای جیهانی( زیادبوونی جیهانی بەرهەم هێنانی بەها) ئەکرێت، تەنانەت ئەگەر جیهان بەردەوام بێت لە نا پیشەسازی بوون و بە ئەنقەستیش هانی کەمکردنەوەی بەرهەم هێنانی ماددی بەن( ئەم ڕاستیە کە بە شێوەیەکی سیستەماتیکی حەشار دراوە لە لایەن تیئۆری بۆرجوازی بەها ی ئیش/ بەها تەنها لە ڕێگەی کارەوە/کار وەک سەرچاوەی بەرهەم هێنانی بەها )

2-  لە یەکێک لەو نووسراوە هەرە سەرتاییە ئینتەرناسیونالیستیە مەرکەزیەکەماندا کە لە ساڵی 2020 دا" دژ بە فەرمانڕەوایی نوێی جیهانی کە ئۆرۆستۆکراتیەتی دارایی (مالی) ئەیەوێت بیسەپێنێت بەسەر مرۆڤەکاندا" بڵاومان کردۆتەوە.

**Bill and Melinda Gates Foundation and Health**

"When we develop the vaccine we will want 80 percent of the population to take it and if they have heard it is a plot and we don't have people willing to take the vaccine that will let the disease continue to kill people." Bill   Gates , in an interview to the BBC 2020.
“Bill and Melinda Gates Foundation did fund a study, conducted by the Massachusetts Institute of Technology last year (2019), which looked at the possibility of storing a patient's vaccination history in a pattern of dye. It would be invisible to the naked eye, and could be delivered under the skin at the same time as a vaccine.”







# کرێکاران و کارمەندانی تەندروستی و تیرۆری ئەمڕۆی  سەپاندنی" پەتا"

ئەمڕۆ لە جیهاندا "پاکسازیەکی" بێ وێنەی پڕ لە کۆنترۆڵ کراو سەپێنراوە بەسەر  ژیانی دانیشتوانی سەر گۆی زەوی دا. لە پاڵ سەرباز و  پۆلیس و ئاسایش و جەندرمەو چەکدارەکانی تری دەوڵەت  و دەستە هەرە تایبەتیەکانی "کۆنترۆڵ کردنی پەتا"دا، بەشێکی گەورەی کرێکار و کارمەندانی بەشی تەندروستی ، لە گەڵ ئەوانەی کە بە "کرێکارانی بەشی سەرەکی" ناو دەبرێن،  بە کەلەپچەکراوی خراونەتە ڕیزەکانی پێشەوەی  ئەم کۆنترۆڵ کردن و سەپاندنەوە.

وەکو هەموو سەردەمەکانی تری جەنگ و سەربازگەری، ئەمڕۆش ئەم بەشە لە کرێکاران،   ئیشەکانیان، هەڵس و کەوتیان، دەوریان، هێماو شوناسنامە و جل و بەرگیان، ژیانیان...  بەگوێرەی پێویستی و فەرمانی ئەم کۆنترۆڵ کردن و سەپاندنە  ڕێک خراوەو بەڕێوە ئەبرێت.  بە گوێرەی ئەم  فەرمانە سەربازیە " نوێ " یە  ئەوان ڕیزکراون و کۆنترۆڵ ئەکرێن،  فەرمانی پڕوپاگەندەکردن و هەڵبەستن و جووینەوەی هەواڵەکانیان بۆ دێت، وە هەشیانە بە ڕاستەوخۆییی دەستی لە تاوانەکان و دەستدرێژیە ڕۆژانەییەکانی حوکمی عورفی و دەستدرێژیەکانی ئەم سەربازگەریەدا هەیە. ئەو تێکۆشەرانەی بە شی تەندروستی و ڕیزەکانی پێشەوەی حوکمی عورفی کە یاخی ئەبن و  ناچنە ژێر باری دەسەڵاتی پەتاوەو بەریەرچی تاوانەکانی ئەدەنەوەو ڕاستیەکان ئاشکرا ئەکە... ئەمانە زور بە خەستی لە هەموو لایەکەوە ئابلۆقە ئەدرێن، دەست بەسەر ئەکرێن، هەراسان ئەکرێن، ئیشەکانیان لە دەست ئەدەن، برسی ئەکرێن و لە ژێر هەڕەشەو مەترسی لەناوچوون  ....دا خەبات ئەکەن.

وەکو هەموو سەردەمەکانی تری باڵ ڕاکێشانی سەربازگەری، ئیشی یەکەمی ئەمڕۆی حوکمی عورفی جیهانی پەتاش ئەوەیە کە بوونی زیندووی مرۆڤ و پەیوەندیەکانی ژیان تێک بدات و لەناوی بەرێت. ئەمەش سەرەتا بە ژیانی سەربازەکان خۆیان ، بە کرێکارە ڕیزکراوو کۆنترۆڵ کراوەکان خۆیان، بە مل کەچ و دەستەمۆکان خۆیان دەست پێدەکات، و لێرەشەوە  درێژ ئەکرێتەوە و ئەسەپێنرێت بەسەر هەمواندا.

ئەم خۆ سەپاندن و خۆ گشتی کردنەوەیەی دەسەڵاتی سەرمایە دژ بە ژیان، خۆی ئەنوێنێ و هێز وەر ئەگرێت لە ڕووتکردنەوە و داماڵینی  کۆیلەکانی لە هێزی ژیان، لە هەستی مرۆڤایەتی،  لە هەموو  بوار و بوونێکی مێژوویی هاوکاری وتوانای هەڵس و کەوت و بڕیاردان و کۆبوونەوەو  هاوخەباتی  و ناڕەزایەتی دەربڕیین و  هاوخەباتی بۆ ژیان  ....  کە بە ئاستێک پێشتر "هەیان بوو”. ڕووتکردنەوە و داماڵین لە بوار و  پرۆسیسی ژیان و هێزی بە کۆمەکیان.

گوێڕایەڵ و دەستەمۆ و کرێکارە خەسێنراوەکان... لە  هەست و بوونی کۆمەکی ژیان دابڕاون و داماڵراون. ئەوان سەربەخۆییان نی یەو  بوونی کۆمەکیان دۆڕاندووە.  نە لەسەر ئیش و نە لەدەرەوەی ئیش توانای بڕیاردانی ژیانیان پێ نی یە. جگە لەمەش، لەبەر ئەوەی فەرمانەکانی حوکمی عورفی  بە واندا تێ ئەپەڕێت و ئەوان بەشدارن لە جێ بە جێ کردنیدا، ئەبێت ئەوان خۆیان، بەر لەهەموو کەسێک، سەر شۆڕ و نموونەی

پەیرەوکردنو جێ بەجێکردنی ئەو فەرمانانە  بن و بەشداری تاوانەکانی بکەن و پڕوپاگەندەکان وەک ڕاستی نیشان بەن.

لەم سەربازگەریە جیهانیەدا ، خاوەن ئیشەکانیان، بەڕێوەبەر و موستەشار و وەزیرەکانیان، سەرپەرشتیاری کارەکانیان، لەگەڵ پارە چی و سیاسی و بازرگان و بڕیار دەرەکاندا  بوونەتە جەنڕاڵ و ئەندامی دەستە تایبەتیەکانی کۆنترۆڵ کردن و فەرمان ڕەواییان ئەکەن. لێرەشەوە ئەمان خۆیان بوون بە سەرباز و ئیشەکانیان بۆتە جێبەجێ کەری بڕیارەکان و تاقی کردنەوەکانی ئەم فەرمانە. بوون بە بەشێک لەو دەسەڵاتە زۆرەملێییەی کە دەوڵەت بەسەر دانیشتواندا ئەیسەپێنێت.  ئیشەکانیان زۆر زیاتر لە جاران تێکەڵاوی ئیشی پۆلیس و دەستە تایبەتیەکان بووە. لە سەر ئیشەکانیان جگە لەوەی لە یەکتری دابڕاون و لە یەکتری دوور خراونەتەوە ، لە بوونی کۆمەڵایەتی ئیشەکانیشیان و لە سیما مرۆییەکانی هەڵس و کەوتکردنیش ڕووتکراونەتەوە. نە پێکەنیین، نە قسە، نە باوە ش ، نە ماچ، نە دەست گرتن، نە پێکەوە نان خواردن، نە جووڵەو سیمای "سروشتی" ، ئەمانە هیچی بۆی نی یە هەبێت و قەدەغەکراوە.

ئەمانە  بەسەرشۆڕی و بەم ڕووت و پەتیە نا مرۆییەوە و بە بێ ئەم لاو ئەولا ئەبێت ئامادەی جێ بەجێ کردنی ووردەکاریەکانی ئەو فەرمانانە بن کە ڕۆژانە پێیان ئەگات لە لایەن بە ڕیوەبەر و سەروەرەکانەوە.  ئەگەر نا ئەوا بە یاخی بوو  و فەرمان شکێن ناونووس ئەکرێن و سزا ئەدرێن. جا ئەو فەرمانە تاقی کردنەوە بێت، دەرزی لێ دان بێت، پشت گوێ خستن ئەم و گرنگی دان بەو بێت ،  جێ گۆڕکێ و دەست بەسەری بێت... خنکاندن و ڕاستەوخۆ لەناوبردن بێت،  ئەبێت جێ  بەجێی بکەن و  نهێنیەکانی ئەو فەرمانەش بپارێزن. (بۆ نمونە لە سلیمانی هەندی لەو نەخۆشانەی کە تەنگەنەفەس بوون و داخلی خەستەخانە کرابوون و بەزۆر لە ژیر ناوی پەتای کۆرۆنا ڕۆژانە چەندین دەرمان ومادەی کیمیاویان بۆ بەکار ئەهینرا، هەر بە ئەنقەست و بەفەرمانی بەریوەبەرەکان ئۆکسجینیان لی ئەبردرا ،گوایە ئۆکسجین کەمە، و ئەخنکێنران و بە مردنی بە پەتا ناونووس ئەکران،  بۆ خستنەوەی ترس وتۆقاند ن  وباوەر هینان بە کوشندەیی پەتاکە ، هەمو ئەمانەش لە بەرجاو و لەسەردەستی هەندی لەم کارمەندانەدا  ئەکر ا. فەرمانی سەربازیە و ئەمان بۆیان نەبوو فەرمانی ئەفسەرەکان (بەریوەبەرەکان) لە سەربازگەکان(نەخۆشخانەکان)پشت گوی خەن  NRT 2020).

بێ گومان، وەکو هەموو بەشەکانی تری دەوڵەت، لە ناو بەشی تەندروستی دا  بەرپرس و  دەستەی فەرمان ڕەواو بەشی تایبەت و ڕێورەسمی نهێنی دیاری کراو داڕێژراوە بۆ سەپاندن و چاودێری کردنی فەرمانەکە. شوێن و ئیش و  بەرپرس و دەستە تایبەتیەکانی ئەم فەرمانە لەناو هەموو خەستەخانەو دام و دەزگاکاندا دامەزراوەو دەسەڵاتی باڵاشیان دراوەترێ بەسەر هەموو کرێکارو کارمەند و ... ئەوانی تردا. ئەمانەن کە سەرپەرشتی ئەوە ئەکەن کە چی ئەکرێ و چی ناکرێ ، کە کێ ئەبێت چی بکا و کێ نەی کات...ئەمانەن وەک پۆلیس کە هەم  چاودێری جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی سەرەوە ئەکەن و هەم کۆنترۆڵی خواریشەوە ئەکەن. هەم نهێنی سەرەوە ئەپارێزن و هەم چاودێری چۆنیەتی هەڵسوکەوتی خواریشەوە ئەکەن. ئەم بارە فەرمان

ڕەواییە" نوێ " یە دەسەڵات و سەوەری تەواوی خستۆتە دەست فەرمان ڕەواکانەوە. فەرمان ڕەواکانی تەندروستی کردوە بە بەڕێوەبەری ئاسایش و بە فەرماندەی سەربازی ڕیزەکانی پێشەوە و لەیەکی داونەتەوە لەگەڵ دەسەڵاتی گشتی سەرکوتکردن و هەڵ خەڵاتاندندا . کرێکاران و کارمەندانی تەندروستی وەک سەرباز هەڵس و کەوت ئەکەن و مەشق و ڕاهێنان و فەرمانەکان جێ بەجێ ئەکەن( بە پۆستاڵ و بە بێ پۆستاڵ!). ئەمەش نەک هەر کرێکاران و کارمەندانی تەندروستی ئابلۆقەداوە، خستوونیەتە قاڵبێکی "تایبەتیەوە"، ڕووتی کردوونەتەوە ودای ماڵیوون لە هەموو هەستکردنێکی مرۆیی و چینایەتی لەگەڵ خۆیانداو لەگەڵ باقی کەسەکانی تردا، لەهەموو هێزوو توانایەکی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان و دەنگ بەرزکردنەوەو کۆمەکی کردن، یان مانگرتن لەئیش، یان خۆدزیینەوە لەئیش، یان سەرپێچی لە ئیش...، دای بڕیوون، بەڵکو ڕاددەی چەوساندنەوەو دەست بەسەری و گویڕایەڵیشی لە ڕیزەکانیاندا بەرزکردۆتەوە بۆ ئاستێکی دیکتاتۆریانەی تایبەتی.

لاکەوتەییی، سەرشۆڕی، قوربانی دان، جێگۆڕکێ، ڕۆلی جیا جیا، ڕسواکردن، سزادان، زۆرە ملێی، دەرکردن ... کراوەتە پرۆسیسێکی سادەی ژیانی ڕۆژانەی ئیشەکانیان. جەوسانەوەی زیاتر و سەرشۆری وئیش کردن و دەوامکردنی بەردەوامیان ـسەرباز ن ولە ریزی پیشەوەی جەنگدان ـ بە بی کری یان کریەکی زۆر کەم ـ لە کوردستان لە 2020لە کۆی 12 مانگ تەنیا موجەی 4 مانگ دراوە بە فەرمان بەران بە خودی کارمەندی تەندروستیشەوە ـ هەروەها خستنەوەی ترس و تۆقاندن و شلەزان و مەترسی کوشندەیی پەتا لە ناو ریزی کارمەندانی تەندروستی کە راستەوخۆ بەر نەخۆشەکان ئەکەون لە نەخۆشخانەکان کە خۆی لە خۆیدا ئەشکەنجەدانیکی گەورەیە بۆ ئەو کارمەندانە ،ئەمانەش هەموی لە ریگەی ئامارە هەلبەستراووو درۆ و دەلەسەکانی راگەیاندن و تەلەفزیۆنەکانەوە

نقابەکانیان و سەرکردەی نقابەکانیشیان ، لەگەڵ بەڕێوبەر و سەرکردەی ئیشەکانیاندا، پێکەوە ووردەکاریەکانی ئەم ئابلۆقەدان و سەرشۆڕکردنە تاوو توێ ئەکەن و مۆری ئەکەن و دای ئەبەزێنن بۆ جێ بەجێکردن. یاخی بوون لە ئیش و لەم دیکتاتۆریەتە بەتووندی، بەر لەهەموو کەسێک ، لەلایەن نەقابەکانی تەندروستی و خزمەتگوزاریەوە بەری پێ ئەگیرێ و سزا ئەدرێت. ئەمانن کە چاودێری تایبەتی کرێکاران و کارمەندانی تەندروستیین لە مل کەچ بوون بۆ ئەو دیکتاتۆریەتە. دەسەڵاتی نەقابەکان بەسەر کرێکاران و کارمەندانی تەندروستی و خزمەتگوزاری دا بۆتە بەشێک لە ئابلۆقەدان و سەرشۆڕکردنیان. نقابەکانن کە لە ڕیزی پێشەوەی لەپەڵ و پۆخستنی هێزی کۆمەڵایەتی و چینایەتی کرێکاراندان. ئەو جۆرە لە " مافی" ڕەمزی کۆبوونەوەو ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان و مانگرتن، کە جاران نقابەکان کۆنتڕۆلی کرێکارانی پێ ئەکرد و وەک پڕوپاگەندەو و نیشاندانی هێز ، بە ڕێککەوتن و گفتوو گۆ لەگەڵ بەڕێوەبەران و سەرکردەکانی تەندروستی و خزمەت گوزاری و پۆلیس و بەشێک لە پارتە سیاسیەکان دا، بەکاریان ئەهێنا ئەمڕۆ هەمووی بووە بە دیسپلینی کرێکاران و سەرشۆڕکردنیان. جیاوازیە ڕەمزی و ئایدیۆلۆجی و سیاسیەکانی نێوان چەپ و ڕاست، جیاوازیە تاکتیەکانی

نێوان نەقابەکان و بەڕێوبەرایەتی، نێوان دەزگا ڕەسمی و تایبەتەکان... هەموویان، بە زۆر و بە کەم، لەگەڵ دەسەڵاتی باڵای ئەمڕۆدا هەمان دەهۆڵی جەنگی تەندروستی و زەلیل بوونی مرۆڤایەتی ئەکووتن.

بۆ پەردەپۆش کردنی هەموو ئەم زەلیل بوون و زۆرداری و دەست درێژی و تێکشکاندنە مرۆییی و چینایەتی یەی پرۆلیتاریای بەشی تەندروستی و خزمەت گوزاریەکان، بۆ دروستکردنی ڕقەبەرێ و دووبەرەکی نێوان چەوساوەکان، بۆ شاردنەوەی تاوانەکان لەژێر ئاڵای خزمەتگوزاری تەندروستی دا، فەرمانڕەوایانی جیهان و خاوەنی دەرکردن و جێبەجێکردنی ئەم فەرمانە، هاتوون چیرۆکی پاڵەوانییەتی و شایستەی سوپاسیان پێکەوە ناوە بۆ ئەم کریکارو کارمەندە دەست بەسەر و سەرشۆڕانەی تەندروستی و بۆ جێگەو ڕێگەی تاییبەتیان لە قوربانی دان بە خۆیان و لە جێبەجێ کردنی فەرمانەکە بەسەر خۆیان و بەسەر ئەوانەی ئەکەونە بەر دەستیان. شوناسنامەکانیان زیاتر شایستەی ئەدرێتێ لە چاو گشتی دانیستواندا، بۆیان هەیە بێ سەرە پێویستیەکانیان دەست کەوێت... بەمەش هەم دەم کوتی کرێکاران و کارمەندانی تەندروستیان کردووە و هەم باقی کرێکارانی تریشیان قەرزار بارکردووە لەبەردەم ئەم پاڵەوانیەتە دروستکراوەی ئەواندا. هەم کرێکاران و کارمەندانی تەندروستیان جیاکردۆتەوە لە باقی چەوساوەکان و دەست بەسەرەکانی تر، هەم کردویانە بە سەرەنیزەی فەرمان ڕەواییەکە بەسەر ئەوانی تردا، وە هەم باقی چەوساوەکانی ترایشیان خستۆتە مەقوعی پشت تێکردن و بەربەرەکانێ و ڕق لە ڕۆڵی کرێکاران و کارمەندانی تەندروستی، وەیان چەپڵەلێدان بۆ پاڵەوانی و قوربانی دانەکەیان. لەم لاشەوە ئەوەی کە تا دوێنێ هەموو کەسێک، کە تۆزێ پارەی ووردەی لە گیرفاندا بوایە ڕۆژی چەند جار بیویستایە ئەیتوانی بیکات و ڕێزی لێ ئەگیرا: کڕینی خواردن و شت و مەک، ئەمڕۆ کراوە بە ئیمتیاز بۆ کرێکاران و کارمەندانی تەندروستی. ئەتوانن بە بێ سەرە بازاڕ بکەن! یان کاتی تایبەتیان بۆ دیاری کراوە بۆ بازاڕ کردنیان! کارتی ئیشەکەیان کراوەتە پاسپۆرتی جیاکردنەوەو فس فس پاڵەوانیەتیەکەیان! بەمەش هەم ئەیانەوێت کە پەردەپۆشی ئەو سەرشۆڕی و زیادبوونی چەوساندنەوەو لە ووزەخستنی دەنک و ڕەنگیان لەسەر ئیش و لەدەرەوەی ئیش بکەن، وە هەم فوو بکەن بە خەیاڵ پڵاوی پاڵەوانیەتیەکەیاندا، و هەم لە باقی دانیشتوانیان جیاکەنەوەو بەلای دەوڵەتدا ڕایان کێشن. بۆشاییی جێگەی تێکشکاندنە مرۆییی و چینایەتیە بە کردەوەکەیان لە ژیانیاندا پڕ کەنەوە بە فس فس پاڵەوانی فوو پیاکراوو "ئیمتیازی" هاووڵاتی و جیاکردنەوەی کۆمەڵایەتی و وەزنیان لای دەوڵەت و پشت بەستنی دەوڵەت پێ یان.

ئەم کۆنترۆڵ کردن و جیاکردنەوەو فوو پیاکردنی کرێکاران و کارمەندانی بەشی تەندروستی و بەشە خزمەت گوزاریەکانی تر(ووزە، تەلەکۆم، بەلەدیەت...) جگە لەوانەی کە تا ئێستا باسمان کردوە ، جگە لەوەی کە بە شێکە لە دەسەڵات و فەرمان ڕەواییی گشتی دەوڵەت لە بەڕێوەبردنی دانیشتواندا، جگە لە کەرت و پەرت کردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی "فرۆشیارانی هێزی کار "، جگە لە شکاندنی پەیوەندی نێوان چەوساوەکان، جگە لەمانە ئەوەشی تیایە کە دەوڵەت بەشێکی لە کرێکاران و کارمەندان جیاکردۆتەوە، ڕێکی خستوون و چەکدارکرداری کردون بۆ کۆنترۆڵ کردن باقی چەوساوەکان و سەرکوت کردنی بزووتنەوەی پرۆلیتاریا. ئەم بەشە کراوەتە باڵ ڕاکێشانی دەوڵەت ، بۆ دەمکوت کردن و سەرشۆڕکردنی باقی چەوساوەکان. دەوڵەت ڕۆژانە ئەم باڵ ڕاکێشانەی

خۆی بەسەر چەوساوەکان دا  توووند و تۆڵ ئەکاتەوە، هەم دژ بە یاخی بوون  لەناو کرێکاران و کارمەندانی تەندروستی و بەشەخزمەت گوزاریەکاندا دژ بەم دەست درێژیە چینایەتی و نامرۆڤایەتیە، وە هەم  دژ بە ناڕەزایەتی و لابەلایی و یاخی بوون لەسەر ئاستی گشتی. بەدەستی کرێکاران و کارمەندانی کۆنتڕۆڵ کراو سەرشۆڕی گشتی بۆ فەرمان ڕەوایی دەوڵەت و بڕیارە تایبەتیە چینایەتیەکانی ئەسەپێنێت. لەلایەک بە هاوکاری بەڕێوەبەران و پارتەکان و نەقابەکان وئاسایش و پۆلیس و پزیشکی و ئامارە داڕێژراوەکانیانەوەە ، وە لەلاکەی ترەوە بەپڕوپاگەندەو چیرۆکە هەڵ بەستراو و تێکەڵ و پێکەڵەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و جووینەوە و کاوێژکردنی جەماوەرەکەی ، و بەپاراستنی بەرژەوەندی گشتی و هاوولاتیانی ووڕ و لاکەوتەکەی ... ئابلۆقەی ئەم بەشەی کرێکاران و کارمەندانیان داوەو ئاراستەیان ئەدەن.  لەناو ئەم پاڵەپەستۆیەدا نووقمیان کردوون. وەک ئامێری بێ هەست  ئەیان خەنە ئیش و فەرمانیان پێ ئەدەن... لەسەر ئەوە ڕاهێنانیان پێ ئەکەن کە چۆن ئەبێت تادێت زیاتر و زیاتر  لە ڕووی دەرونی و جەستەیەوە ئامادەی قبووڵ کردن و خۆ ڕاهێنان بن لەسەر ئەو ئەرک و بڕیارانەی بۆیان دێت، کەچۆن هەستی کۆمەکی و مرۆیی لە خۆیاندا بکوژن هەم بەرامبەر بە خۆیان و هاوکارەکانیان، وە هەم  بەرامبەر ئەوەی کە ئەیکەن و ئەیبینن، بەرامبەر بە پێویستی و وویستی مرۆڤە ساغ و نەخۆشەکانی بەردەستیان، بەرامبەر بە خزمەتگوزاریەکانیان...  **گشتی کردنەوەی ئەم نامرۆڤایەتی یە لەسەر ئاستی کۆمەڵ ، هاڕینی هەست و ووزەی زیندووی مرۆڤایەتی،  کردنی ئەم هەست و ووزە هاڕدراوە بە پەیوەندیەکانی کۆیلایەتی،  و بە باڵ ڕاکێشان و کەڵەکەبوونی سەرمایەی جیهانی دژ بەژیان و بەسەر ژیاندا ، ئەمەیە پڕۆسیس و  ئامانجی سەرەتاو کۆتایی ئەم داهێنانە" پەتایییەی" ئەمڕۆی سەرمایەداری جیهانی**.

ئەمڕۆ کرێکاران و کارمەندانی تەندروستی و خزمەت گوزاریەکانی تر کراونەتە کۆیلە/سەرباز ی دەسەڵاتی ئیشەکانیان. ئیشەکانیان و خزمەتگوزاریەکانیان کراوەتە چەکی کۆنتڕۆڵ سەرمایە و دەست درێژیەکانی بۆسەر مرۆڤایەتی. دەسەڵاتی ئیشەکانیان و خزمەتگوزاریەکانیان کراوەتە ئایین و پەرست گا. جەوساوەکان ئەبێت مل کەچ بن، گوێ ڕایەڵ بن، جلی تایبەتی لەبەر کەن، دەست نوێژی تەندروستی بگرن، لەش پیس نەبن، بپاڕێنەوە و شایەنی ئەو خزمەتەش بن( لێکۆڵینەوە، تەداوی، ڕێنمایی، چارەسەرکردن، پڕکردنەوە، عیلاج.....) کە پێویستیانە بۆ ژیان ئینجا بۆیان قبووڵ بکرێن و پێ بخەنە ناو پەرست گاکەوە! ئەوەی تۆزێ پارەی هەیەو ئامادەیە لەم ڕێگەیەدا خەرجی بکات حەجەکەی زووتر دەست ئەکەوێت. ئەوەی تر ئەبێت هەر لە وورگی خۆی بات و بۆخۆی بناڵێنێ و چاوەڕێی زروف بێت( ئەو زوفەی کە جگە لەدەستی دەستی درۆیانە  تا دێت قورسترو خراپ تر یش ئەبێت). لەو ناوچانەدا کە چەندین ساڵە خزمەت گوزاریە تەندروستی و خزمەت گوزاریەکانی تر لەڕێی دەوڵەت و باج و سەرانەی ئیش و ئەوەی کە پەیای ئەکەییت  ڕێک ئەخرێت ، و ئەم خزمەتگوزاریانە بەشێکی گرنگە لە ئیدامەدانی"تەندروستیانە" و "شارستانیانە"و هەست کردن بە "بوونی یەکسانی" چەوساوەکان و بەڕێوەبردنیان، بۆ نموونە وەک "نایشناڵ هێلس سێرڤس/ خزمەتگوزاری تەندروستی نەتەوەییی" لە بەریتانیا. گەرچی ئیشی ئەم خزمەتگوزیانە بە پلەی یەکەم خزمەت کردن و پینەکردنی کەلەبەرە

تەندروستییەکانی( ڕووداو، هیلاکی، پەک کەوتەیی...) هێزی کار بووە، بۆ تازەکردنەوەیان و ئیدامەدانی کارەکانیان بووە، بەپلەی دووەم لابردنی بەرپرسیاریەتی نەخۆشی و پەک کەوتەیی و کێشەکانی بووە لەسەر شانی خاوەن کارەکان و ئینشورانسەکانیان، بە پلەی سێ یەم دامەزراندنی هەست کردن بە یەکسانی و بوونی خزمەتگوزاری و ئیستقراری تەندروستی گشتی بێ چین بووە، بەڵام جگە لەوەی کە ئەم خزمەت گوزاریانە مەیدانێکی گرنگی 40 ساڵی ڕابردووی کۆمپانیاکانی داوو دەرمان و سەرف کردن و تاقی کرنەوەی هەزارەها لە داوو دەرمان و ئامڕاز و ئایدیۆلۆجیاکانیان بووە ، زۆربەی نەخۆشەکان ڕاهێنان و تاقی کردنەوەیان لەسەر کراوە، بە دەگمەن ئەم خزمەت گوزاریانە لە ئاستی مەمرەو مەژی لایان داوە! وەکو خزمەت گوزاریەکانی تر ( ووزە، تێلی کۆم، بەلەدیە، ڕێگاو بان....) لەگەڵ بەرزو نزمی بازاڕ و کرێ دا ، لەگەڵ باری ئابووری دا، لەگەڵ سیاسەتەکانی حکومەت دا جۆلانێی کردووە. هەمیشە وەک دەسەڵات خۆی سەپاندووە زیاتر لەوەی وەک خزمەت گوزاری. کێ عیلاج ئەکرێت و چی ئەکرێت و کەی ئەکرێت و چ داوو دەرمانێک ئەبێت بخۆییت بێ ئەم لاو ئەو لا سەپینراوە. گەر نا شایەنی عیلاچ نییت. بۆ نموونە لە بەریتانیا تەنیا کاتێک عیلاجی فتقت بۆ ئەکەن کە ڕێگر بێت لە ئیش کردنت! ئازار کراوە بە ئاوێنەی هەموو نەخۆشیەک! گەر ئازارت نەبێت ساغیت! کە ئازاریشت هەبوو ئەبێت جارێ داو دەرمانی ئازار بخۆییت، دانەیەکی تریش تاقی کەیتەوە .. گەر ئیشیان نەکرد ئەو کاتە قسەی لێ ئەکەن( بەدەردی یەکێک لە دوکتۆرەکان ڕوو بەڕوو ووتی هێشتا پێم ماوە لە ناو هەگبەکەما. با ئەمانیش تاقی کەیینەوە!)

ئێستا و لەگەڵ لێدانی ماددی و دەرونی چەوساوەکاندا، لەگەڵ گۆرانکاریە ئابووری و خزمەت گوزاریەکاندا، لەگەڵ گرانی باری ژیاندا، لەگەڵ گووشینی ئیش و کرێ دا.. لەگەڵ کردنی هەموو کۆمەڵ بە بابەتی نەخۆشی و تەندروستی ئەم مەمرەو مەژیەیی خزمەتگوزاریە تەندروستیە کانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. لە چەوساوە کان گیراوەتەوەو کراوە بە پارەو بە چەکی کۆنتڕۆڵ...

ئەمڕۆ، هەر وەک دوێنێ ، ئامانجی سەرمایە بریتی یە لە بەرگرتن بە ژیان، بە پڕۆلیتاریا و بە مرۆڤایەتی، بەڵام لە ڕێی تۆقاندن و شاڵاوو پڕوپاگەندەی تەندروستیەوە. لەڕێی چەمانەوەی ژیان و مرۆڤایەتی و پڕۆلیتاریا بەناو خۆی دا. چەمانەوەش نی یە بەبێ کۆم بوونەوەو سەر دانەواندن و بچووک بوونەوە. بەبێ تەنەزوول کردن و داماوی. بەبێ دەست بەردار بوون لە سەربەرزی و گەشانەوەی ژیان.

**یاخی بوون و بەشداری نەکردن لە تاوانەکان، لە درۆ و دەلەسەکان، لە تیرۆری دژ بە مرۆڤایەتی .. و دژایەتی کردنی تاوان بارەکان و دەسەڵات داران ئەرکێکی مرۆڤایەتی یە**

**یاخی بوون و لێدان لەوانەی کە فەرمانی تاوانەکان ئەدەن، کە جێ بە جێی ئەکەن، کە لەسەری ئەخۆن... ئەرکێکی مرۆڤایەتیە....**

**بژی ژیان، بژی یاخی بوونی پڕۆلیتاریا دژ بەم چەمانەوەیە لە ناوەو لە دەرەوەی بەشی تەندروستی و خزمەتگوزاریەکانی تر**

بژی سەربەرزی و یاخی بوونی گشتی، بڕوخێت سەر شۆڕی

بڕوخێت سیستەمی سەرمایە بەهەموو پلەو پایەو ڕێکخستنەکانیەوە

بژی مرۆڤایەتی و کۆمۆنەی ژیان




" *BlackRock is a global financial giant with customers in 100 countries and its tentacles in major asset classes all over the world; and it now manages the spigots to trillions of bailout dollars from the Federal Reserve. The fate of a large portion of the country's corporations has been put in the hands of a megalithic private entity with the private capitalist mandate to make as much money as possible for its owners and investors; and that is what it has proceeded to do.* Published on Monday, June 22, 2020 by Common Dreams
Meet BlackRock, the New Great Vampire Squid"

***The Federal Reserve***

*The U.S. Federal Reserve is like a hedge fund and generating $80 to $90 billion a year probably in revenue for the U.S. government.( Warren Buffett , September 2013 from Wikipidia )*

*Over the past three months, the Fed has injected more than $3 trillion into financial markets, twice the amount spent during the global financial crisis, through its asset purchases, which .include government debt, mortgage debt and now corporate debt*

*According to the Wall Street Journal, since the corporate debt purchasing program began on May 12, the Fed has been buying these assets at the rate of around $300 million a day. Now this program is being extended. ( 17 June 2020 )*

# ڕوونکردنەوەیەک

Primitive accumulation , an accumulation not the result of the capitalist mode of production, but its stating-point, plays in Political Economy about the same part as original sin in theology. In the history of this primitive accumulation, all revolutions ( movements and events ) are epoch-making that act as levers for the capitalist class in course of formation; but, above all, those moments when great masses of men are suddenly and forcibly torn from their means of subsistence, and hurled as free and “unattached” proletarians on the labour-market. The expropriation of the agricultural producer, of the peasant, from the soil, is the basis of the whole process. ( Marx, Genesis of Capital, The Secret of Primitive Accumulation).

له یەکەم سەر هەڵدانی دەست مایە/ سەرمایەوە، وەک بوونێکی سەربەخۆ لە ژیان ، ئەم بوونە سەربەخۆیە هەوڵی داوەو ووستوویەتی کە ژیان و هەموو پێویستیەکانی ژیان بکات بە خۆی. ئەم هەوڵ و ویستە خۆییەی دەست مایەو سەرمایە بووە بە پرۆسیسی بەرفراوانکردن و سەپاندنی ئاڵوگۆڕ و لەم ڕێگەیەشەوە خۆ بیناکردن و کەلەکە بوون و باڵ ڕاکێشانی. بەگوێرەی باڵ راکێشان و دەولەمەند بوونیشی( بەگوێرەی کەڵەکە بوونی پارە) تا هاتووە زیاتر و زیاتر وەک هێز و وەک سیستەمێکی خۆ بیناکەر ، بەڵام تێکدەری هەموو ئەوانەی پێش خۆی و ئەوانەی کە بەر بەو خۆ بیناکردنەی ئەگرن، خۆی سەپاندووە. ویستوویەتی و هەوڵی داوە کە هەموو بوون و سنوورەکانی دەرەوەی خۆی(مرۆڤ و سروشت) بخاتەژێر ڕکێفی ئاڵ و گۆڕکردنەوە و ئەمەش خستوویەتیە باری ململانێیەکی هەمیشەیی تێکشکاندن و بیناکردنەوە. تێکشکاندنی دەرەوەی خۆی و بیناکردنی خۆی. شەڕی تێکشکاندن و بیناکردن بۆتە پرۆسیسی بوون و دەسەڵاتی. بۆتە دیکتاتۆریەتی بوونەکەی. کە ئەوتریێت دیکتاتۆریەتی سەرمایە، دیکتاتۆریەتی بەها مەبەست لەم بوونە دیکتاتۆریانەی تێکدان و بیناکردنەیە. ئەم بوونە دیکتاتۆریانەی سەرمایە دوو پرۆسیس نی یە. تەنانەت پرۆسیسێکی دوو جەمسەریش نی یە. بەڵکو یەک کردەوەی دووکرداریە. یەک کردەوەی پێچەوانەکردنەوەیە. ئەوەی کە ناو ئەبرێت بە" نیگەیشن"، بە "نەفی نەفی" مەبەست لەم یەک کردەوە دووکرداریەیە. ( وەک چۆن ئەوەی کە ناو ئەبرێت بە" ناقس" و "زائید" ئەبێت ببن بەیەک ئینجا ئەبن بە ووزە. بەرهەم هێنانی ووزە کردارێکی دوو کردەوەییە) هەموو فەلسەفەو سیاسەت و بیردۆزەکانی سۆشیال دیمۆکرات لە کەرت کردن و جیاکردنەوەی ئەم کردەوە دووکرداریەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەوان دێن کردەوەکە ئەکەن بە دوان، یان بە دوو جەمسەر و ئەیانەوێت بەپلان و پرۆگرامێکی "مرۆیی" لەیەکی بەنەوە. ئەیانەوێت خۆبیناکردنەکەی سەرمایە جیاکەنەوە لە تێکشکاندنەکەی. ئەیانەوێت دەست بگرن بەسەر خۆبیناکردنەکەی سەرمایەدا، بۆ باشتر کۆنترۆڵ کردنی تێکشکاندنەکەی.. بۆ ئەمەش ئایدیۆلۆجیاو بیردۆز و داهێنانی جۆراو جۆر ئەهێنن و پێشنیاری ئەکەن . ئەیانەوێت بە هۆشمەندی و بە ڕێکخستن ئیش لەسەر هەردوو سەری جیاکرنەوەکەیان بکەن. ( مرۆڤ، سروشت، پێویستیەکان.../ پارە، ئاڵ و گۆڕ، یاسا، دەسەڵات..) واش بەیەکی بگەیەنن کە هیچ لایەک زەرەر مەند نەبێت. ئەمەش لەبەردەم کردارە دووکردەوەییەکەی سەرمایەدا، لەبەردەم یەک دیکتاتۆریەتەکەی دا، لەبەردەم زاڵی دەسەڵاتی پارەدا هەمیشە مل کەچەو ئەوەی ئەم سۆشیال دیمۆکراتانە لەسەر سروشت و مرۆڤ و پێویستیەکان ئەیکەن ئەچێتە گیرفانی

تێکدانەکەی سەرمایەوە. ئەوەی پێشنیاری ئەیکەن و پێی هەڵ ئەسن هەر لەبنەرەتەوە ئیش کردنە لەسەر ئامادەکردن و بەدەستەوەدانی ئەوەی کە بیناکردنی سەرمایە پێویستیەتی . شێلان و نەرم کردنی باری تێکشکاندنەکەیە. بەمەش هەم پەردەپۆش کردنی بیناکردنە دیکتاتۆر یانەکەی سەرمایەیە، وە هەم "مرۆڤانە"کردن و جێی ڕازی کردنیش یەتی.

با بچینەوە سەر باڵ ڕاکێشانی سەرمایە.

مایە/دەست مایە/ سەرمایە.. لە پرۆسیسی زاڵ کردنی ئاڵ و گۆڕدا بەسەر ژیان و پێویستیەکانی دا، بەسەر مرۆڤایەتی دا، ئەو "سیستەمی" ئیش کردن و بەرهەم هێنانەی دەهێناوە و سەپاندوویەتی( ... کۆیلایەت..، کاری سوغرە... کاری بەکرێ، ...) بەشێک بووە لە پرۆسیسی خۆبیناکردن و تێکشکاندنەکەی خۆی. لەخزمەتی خۆی دا دای هێناوە، و سەپاندوویەتی و برەوی پێ داوە . هەتا زیاتریش دەسەڵاتی ئاڵ و گۆڕ پەرەی سەندبێ ئەوەندەش سیستەمی بەرهەم هێنان لەخزمەتیا پەرەی سەندووە. ئاڵ و گۆڕ چۆتە ناو بەرهەم هێنانەوەو بەرهەم هێنان چۆتەوە ناو ئاڵ و گۆڕ. ئاڵ و گۆڕ بەرهەمی لێ کەوتۆتەوەو ئەم بەرهەمەش برەوی بەئاڵ و گۆڕ داوە. وەکو کردارە دووکردەوەییەکە سەرمایە لێرەشدا خۆی دووپات ئەکاتەوە. خۆی بینا ئەکات و ژیان تێک ئەشکێنێت(بوون و ووزەی مرۆڤ، مواد، زەوی، ئاو... ) لەم خۆ دووپاتکردنەوەیەی سەرمایەدا نە ئاڵ و گۆڕ بێ بەرهەم و نە بەرهەم بێ ئاڵ و گۆڕ بوونی نی یە. دەستاو دەستکردنی ئاڵ و گۆڕ و بەرهەمهێنان ، ئیش کردن بەهەموو "سیستەمەکانیەوە"، لەخزمەتی خۆ بیناکردنی سەرمایەدایە. لەخزمەتی ئاڵ و گۆڕ و باڵ راکێشان و بوارکردنەوەی زیاتر بۆ ئاڵ وگۆڕ و کەلەکەبوونی سەرمایەدایە. تا بوار و ماددەی ئاڵ و گۆڕکردن زیاتر بێت ئەوەندەش بیناکردن و تێکشکاندنی سەرمایە زیاتر ئەبێت. ئەوەندەش ژیان ئابڵوقە ئەدرێت بە ئاڵ و گۆڕ. ئەوەندەش سەرمایە بوار بۆ خۆی ئەکاتەوە بۆ چوونە ناو ژیانەوە. ئەمەی ئەمڕۆ ڕوو ئەدات هەنگاونانی زیاتری سەرمایەیە بۆ ناو ژیان. زیاتر ئابڵوقەدان و چوونە ناو ژیانەوەیە..

لەبەر ئەوەی ژیان ماددەو ووزەی زیندووە، مرۆڤایەتی بزووتنەوەیەی ژیانی مرۆڤە، زیندەوەرەکان ئەبێت کۆنتڕۆڵ بکرێن و ڕابهێنرێن بۆ ئەوەی سەرمایە بتوانێت بەکاریان بێنیت، سروشت ئەبێت ووزەکەی تاووتوێ بکرێت بۆ ئەوەی بخرێتە ئیش.... ئەمانە هیچیان خۆ بەخۆ و بەپێی خۆیان خۆیان نادەن بەدەست "سیستەمەکانی" ئیش کردن و پرۆسیسی ئاڵ و گۆڕەوە. ژیان و زیندەوەر و مرۆڤایەتی خۆی بۆخۆی ناچێتە باوەشی ئاڵ و گۆڕەوە. وەک ساوا بۆ سەر کۆشی مامە شێخ! ئەبێت لە تواناکانی خۆیان چەک بکرێن، ڕووت بکرێنەوە، برسی بکرێن، ڕابهێنرێن و ئنجا فێربکرێن و دەستەمۆ بکرێن( ئەبێت تێک بشکێنرێن) بۆ ئەوەی سەرمایە بەکاریان بێنێت لە بیناکردنی خۆی دا... دەستگرتن بەسەر ئاوو و زەوی و سەرچاوەکانی ژیاندا، بەسەر دانیشتوانەکەی دا، بەسەر کات و هەواو باری ژیاندا، بەسەر زیندەوەرو بەروبوومی سروشتدا.. هەمووی پرۆسیسی تێکشکاندنی ژیان و بیناکردنی سەرمایەیە. تواناکانی بیناکردنی سەرمایە ، دەست بەسەریەکانی ، هێزەکانی ئاڵ و گۆڕی، خۆ ڕێکخستنەکانی... هەمووی وەک دیکتاتۆریەتێک هەم دارکاری و سەرشۆڕی ژیان و

مرۆڤایەتی ئەکات ، وە هەم وەک تاکە سەرچاوەی بەردەوامی ژیان خۆشی نیشانی مرۆڤایەتی ئەدات ( مرۆڤایەتی بۆ ژێر خۆی ڕائەکێشێت). لە بەرفراوانی و مل نەدانی ژیان و بزووتنەوەی مرۆڤایەتی و دەستەمۆ نەبوونی خۆیی مرۆڤ و زیندەوەرەکانی ترە بۆ سەرمایە، لە ئۆقرەنەگرتنی ژیانە لەبارێکدا، و هەمیشە جووڵەیەتی بۆ گەشانەوەی خۆی و بەردەوامی دان بە خۆی ، کە سەرمایەی خستۆتە شەڕێکی هەتا تەتاییەوە. کە پاڵی پێوەناوە بۆ خۆ ڕێکخستنی وخۆ چەکدارکردنی، بۆ داهێنانی ڕێکخراوەکانی(دینی، سەربازی، ئابووری، ڕۆشنبیری......)و ئایدیۆلۆجیەتەکانی بۆ سەرخستنی خۆی بەسەر ژیاندا لەو شەڕەدا. حکومەت و بانق و مزگەوت و ڕێکخراوەکانی کارو دانیشتگاو جاڕدان و دەزگاکانی پڕوپاگەندەو... هەمووی لیرەوە هاتووە.

ئاڵ و گۆڕیش خۆی بۆ خۆی لە باڵ ڕاکێشان و پەرەسەندینی دیکتاتۆریەتەکەی دا داهێنان و ئاسانکاری خۆی کردووە بۆ خۆزاڵ کردن و خۆسەپاندنی. جۆرەکانی پارە، ئامرازە جۆراوجۆرەکانی ئاڵو گۆڕکردن، دابەشکردن و تایبەت مەندیەکانی ئیش، جۆرەکانی بەرهەم هێنان، داهێنان تیاندا، تاو و توێکردنی ژیان و پێوسیستیەکانی.... ئەمانە هەمووی پەرەسەندن و باڵ راکێشانی ئاڵ و گۆڕە بەسەر دەوڵەمەندی ژیان و سروشدا. چنینی تۆڕی سەرمایەیە بۆ دەست بەسەرکردنی زیندووی و بەرفراوانی مرۆڤایەتی . هەموو پەرەسەندنێکی سەرمایە بریتی بووە لە داهێنان و ووردەکاری کردن لەم تۆڕە و لە گرتنی بزووتنەوەی مرۆڤایەتی دا. بەرفراوانکردن و توندو تۆڵ کردن و هەمەلایەنەکردن و ڕەنگاو ڕەنگ کردن و ترش و خوێ کردن بووە بەم تۆرووەو بە چۆنیەتی گرتنی بزووتنەوەی مرۆڤایەتیەوە. بە بیناکردنی خۆیی و تیکشکاندنەکەیەوە..

شاڵاوی داهێنان و سەپاندنی جیهانی پەتا ، کردنی بزووتنەوەی مرۆڤایەتی بە ماددەی تەندروستی و پاکوخاوێنی سەرمایە بریتی یە لە تێکشکاندنی زیاتری مرۆڤایەتی و خۆ بیناکردنی سەرمایە لەسەریەوە. زیاتر باڵ ڕاکێشانی ئاڵ و گۆڕە بەسەر ژیاندا. ئابڵوقەدانی زیاتری دیکتاتۆریەتی سەرمایەیە بۆ بزووتنەوەی مرۆڤایەتی. زاڵ کردنی زیاتری ئاڵوگۆڕ و دەسەڵاتی پارەیە بەسەر ژیاندا. بێ نرخکردنی ژیانە لەبەردەم پارەدا بۆ ئەوەی چۆن بۆی ئەلوێت ئاوا مامەڵەی پێوەبکات. ئاوا بکات بە بەها. ...

بۆ ئەوەی دووبارەبوونەوە ڕوونەدات لێرەدا ئەوەستین لە درێژەدان بەم نووسینە. چوونکە ئەم پڕۆسیسەمان باش شی کردۆتەوە لە نووسینەکانی جەند مانگی ڕابردوماندا . گەر ئەتەوێت زیاتر ئاگاداربییت بچۆرە سەر ئەو نووسینانەمان ..





بەیروت: تاوانەکانی دیکتاتۆریەتی پارەدارەکان: لەناوبردنی بە کۆمەڵی پرۆلیتاریا و تێکدانی گشتی باری ژیانیی



**ئەدریسەکانمان :**

https://www.proletariosinternacionalistas.com/
pinternacionalistas@riseup.net

**ئەم ئەدرێسە بۆ هەموو نووسراوە کوردیەکانە:**

https://e.pcloud.link/publink/show?code=kZcwZmpmEpvurKj7u0f1OfAo5bJh6aQPV